گۆڤاریقەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) –ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەڵوێستی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەرانبەر بە دامەزراوە فەرمییەکان لەسەردەمی پاشایەتییدا (1921-1922)

**هیوا خلیل عثمان**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، عیراق.

hewakhalel@yahoo.com

**د. مەحەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، عیراق.

makakasur@yahoo.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/٧/١٢

پەسەندکردن: ٢٠٢١/٨/٢٥

بڵاو کردنەوە: پاییزی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**

The government Era of Kingdom, positive attitude, Peshkawtn, Newspaper

Doi:

10.25212/lfu.qzj.6.4.11

## پوختە

ڕۆژنامەگەری بە یەکێك لەو بوارانە دادەندرێـت کە لە ڕێگەیەوە دەتواندرێت خزمەتێکی گەورەی زانستی مێژووی پێبکرێت، دوای شەڕی یەکەمی جیهانیش(1914-1918) کە عێراق کەوتە ژێر دەستەڵاتی بەریتانیاو دواتریش دەوڵەتێکی نوێی بەو ناوەی لێ دروستکرد، مەبەستی بوو باشووری کوردستانیش بخاتە سەر ئەو دەوڵەتە، بەڵام ڕووبەڕووی کێشەو ئاستەنگی زۆر بووەوە، بۆیە لەلایەك بەمەبەستی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و لە لایەکی دیکەش بۆ ڕاکێشانی گەلی کورد بەلای خۆیدا، بەریتانیا کۆمەڵێك ڕێـوشوێنی گرتەبەر، یەکێك لەو ڕێوشوێنانەش هێنانی چاپخانەبوو بۆ باشووری کوردستان، لەو ڕێگەیەشەوە کەوتە دەرکردنی ڕۆژنامە بەزمانی کوردی، یەکێکیش لەو ڕۆژنامانەی کە ڕۆڵی دیاری لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بینیووە، ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ە، کە لەماوەی نێوان ساڵانی (1920-1922) دەرچووە، لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕۆژنامەیە لەلایەن ئینگلیز، لەشاری سلێمانی دەرچووە، بەڵام خزمەتێکی گەورەی بواری ڕۆژنامەگەری و مێژووی گەلی کوردی کردووە. بۆیە دەکرێت بڵێیین ڕۆژنامەی پێشکەوتن لەلایەن کورد

خۆیەوە دەرنەچووەو ئەرکی سەرەکی و یەکەمیشی خزمەتکردنی ئەو میللەتەو بەرژەوەندییەکانی نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسانی ڕۆژنامەکە هەستییان کردبێت یاخود نا، ئەوا خزمەتێکی مێژوویی گەورەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردییان کردووەو ئەو بوارەیان دەوڵەمەندتر کردووە.

## پێشەکی

ڕۆژنامەگەری بە یەکێك لەو بوارانە دادەندرێـت کە لەرێگەیەوە دەتواندرێت خزمەتێکی گەورەی زانستی مێژووی پێبکرێت، چونکە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژگاردا دەکات و بۆ خوێنەرانییان دەگوازێتەوەو هەوڵ دەدات هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕۆژ وەك خۆی بگوازێتەوە. دوای شەڕی یەکەمی جیهانیش(1914-1918)کە بەریتانیا، عێراقی داگیـرکردو دواتریش دەوڵەتێکی لێ دروستکرد، مەبەستی بوو باشووری کوردستانیش بخاتە سەر ئەو دەوڵەتە نوێیەو بەم هۆیەشەوە کێشەو ئاستەنگی زۆری لەلایەن کوردەکانەوە هاتە ڕێگا، بۆیە لەلایەك بەمەبەستی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و لەلایەکی دیکەش بۆ ڕاکێشانی گەلی کورد بەلای خۆیدا، کۆمەڵێك ڕێـوشوێنی گرتنەبەر، یەکێك لەو ڕێوشوێنانەش هێنانی چاپخانەبوو بۆ ئەو بەشەی کوردستان و بەتایبەتیش بۆ شاری کەرکوك و سلێمانی، لەو ڕێگەیەشەوە کەوتە دەرکردنی ڕۆژنامەو بڵاوکراوە بەزمانی کوردی، یەکێکیش لەو ڕۆژنامانەی شوێنێکی دیاری لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەیەو زانیاری بەسوودی سەبارەت بەسەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم بۆ تۆمار کردووین، ڕۆژنامەی(پێشکەوتن)ە، کە لەماوەی نێوان ساڵانی(1920-1922) دەرچووە، ڕاستە ئەو ڕۆژنامەیە لەلایەن ئینگلیزەوە لە شاری سلێمانی دەرچووەو بەپلەی یەکەم گرنگی بەخزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتەو هێزەکانی لەعێراق داوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا زانیاری پڕ بایەخی بۆ تۆمارکردووین کەدەکرێت تویژەرانی بواری مێژوو پشتی پێبەستن، بەتایبەتی بۆ شیکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە، چونکە ڕۆژنامەگەری بەگشتی بە یەکێك لەسەرچاوە ڕەسەنەکان دادەندرێت و پشت پێبەستنی خزمەتێکی زۆری بواری مێژوو دەکات. لەو سۆنگەیەش ناونیشانی هەڵوێستی ڕۆژنامەی(پێشکەوتن)مان بەرانبەر بەدام و دەزگاکانی دەوڵەتی عێراق

لەسەردەمی پاشایەتییدا(1921-1958) بۆ توێژینەوەکەمان هەڵبژاردووەو تیشکمان خستووەتە سەر سیاسەت و هەڵوێستی ڕۆژنامەکە بەرانبەر بەرژێمی پاشایەتی و دام و دەزگاکانی حکومەت لەو ماوەیەدا.

گومانیشی تێدا نییە، هەڵسان بەئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لەو جۆرە، ئاستەنگی زۆر دەهێنێتە بەردەم توێژەر، لەپێشەوەی ئاستەنگەکانیش زەحمەت دەستکەوتنی بەڵگەنامە ڕەسەن و گرنگ و فەرمی و مێژووییەکانی ئەو کاتە کە لەلایەن بەریتانیاو دام و دەزگا فەرمییەکانی عێراق بەتایبەتی لەشاری سلێمانی سەبارەت بەو ڕۆژنامەیەو نووسین و بابەتەکانی تۆمارکراون، بەڵام هەوڵماندواە لەڕێگەی شیکردنەوەو دەوڵەمەندکردنی ئەو هەواڵ و بابەتانەی لەڕۆژنامەکەدا وەرمانگرتوون، بەسەرچاوەی دیکەی مێژوویی بەسەر ئەو ئاستەنگەدا زاڵ بین.

بەمەبەستی باشتر گەیاندنی ئامانجیشمان، توێژینەوەکەمان بەسەر پێشەکی و دەروازەو چوار تەوەر و ئەنجام و پەراوێزەکان و لیستی سەرچاوەکان دابەشکراوە.

لە دەروازەشدا، تیشکمان خستووەتە سەر مێژووی چاپخانە لە کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی و ڕۆڵی بە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری کوردی، هاوکات مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری کوردییمان خستووەتە ڕوو.

تەوەری یەکەمیش تەرخانکراوەە بۆ باسکردن لە مێژووی دەرچوونی ڕۆژنامەی پێشکەوتن و ئەو بارودۆخەی ڕۆژنامەکەی تێدا دەچووە.

تەوەرەی دووەمی توێژینەوەکەشمان تەرخانکردووە باسکردنی هەڵوێستی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەرانبەر بە مەلیك فەیسەڵی یەکەم.

هاوکات لە تەوەرەی سێیەمیشدا تیشك خراوەتە سەر هەڵوێستی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەرانبەر بە حکومەتی عێراق و دام و دەزگاکانی لەسەردەمی پاشایەتییدا.

هەرچی تەوەرەی چوارەم و کۆتایشە هەڵوێستی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەرانبەر بە سوپای عێراق لەسەردەمی پاشایەتییدا خراوەتەڕوو.

سەبارەت بەو سەرچاوانەش کەبەکارمان هێناون، بەپلەی یەکەم پشتمان بەو ژمارانەی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەستووە کەماوەی دەرچوونییان کەوتووەتە چوارچێوەی توێژینەوەکەمان، بەو پێیەی

باسەکەمان پەیوەستە بەهەڵوێست و سیاسەتی ڕۆژنامەکە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو هەواڵ و بابەتە لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکە بڵاوکراونەتەوەو پەیوەندی بە باسەکەوە هەیە، کردووەتە کەرستەی سەرەکی توێژینەوەکەمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەڕێگەی سوود وەرگرتن لەچەندین سەرچاوەی دیکەی مێژوویی باسەکەمان دەوڵەمەندتر کردووە، لەوانەش: (پێشکەوتن یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی1920-1922) کەلەلایەن عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتار و سیـروان بەکر سامی، ژمارەکانی ڕۆژنامەکە کۆکراونەتەوەو چاپکراون و دکتۆر مارف خەزنەدار پێشەکی بۆ نووسیوە، کەسەرەڕای چاپکردنەوەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی پێشکەوتن، هەندێك زانیاری دیکەشی سەبارەت بەنووسەرانی ڕۆژنامەکەو جۆری ئەو بابەتانەی بڵاویکردوونەتەوە لەخۆگرتووە. هەروەها بەرگی دووەمی پەرتووکی(چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی،ساڵانی نێوان دوو جەنگی جیهانی1918-1938)لەنووسینی نەوشیـروان مستەفا ئەمین، کە ئەویش زانیاری بە سوودی سەبارەت بەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوو لەکوردستان باشوور لەخۆگرتووە. هەروەها بەرگی سێیەم و چوارەمی پەرتووکی سلێمانی شارە گەشاوەکەم، کە بەرگی سێیەمی لە نووسینی جەمال بابان و ئاسۆ بابان و ئومێد خالیدەو بەرگی چوارەمی لە نووسینی جەمال بابانەو زانیاری گرنگی سەبارەت بە چەندین لایەنی سلێمانی کە ڕۆژنامەی پێشکەوتنی تێدا دەرچووە لەخۆگرتووە. گومانیش لەوەدا نییە هیچ کارێك بێ هەڵەو کەم و کوڕی نابێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوەندەی لەتوانادا بێت هەوڵبدرێت ڕووداوە مێژووییەکان وەك خۆیان تۆمار بکرێن و بە پێوەری ئەو زانستەوە شیکردنەوەیانە بۆ بکرێت.

## دەروازە

## مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری کوردی

### مێژووی دەرکەوتنی چاپخانە لە باشووری کوردستان

داهێنانی ئامێری چاپکردن بۆ یەکەم جار لەمێژوودا لەلایەن زانانی ئەڵمانی(گۆتەنبێرگ) ەوە لە ساڵی(1440) وەرچەرخانێکی گەورەی بەرپاکرد ( سەپان، 2005،205-207 ؛ جاف، 1998،4).پێش ئەوەش چاپخانە لەڕۆژهەڵات بڵاوببێتەوە، یەکەم چاپخانە بەپیتی عەرەبی هێنرایە ئەستەنبۆڵی

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) –ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پایتەختی ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی، پاشان بەهەموو لایەکدا بڵاوبووەو تەشەنەی کرد.لە (عێڕاق) یشدا پێش هەڵگیـرساندنی شەڕی یەکەمی جیهان(1914-1918)چوار چاپخانەی عەرەبی هەبوون، کە ڕۆژنامەو گۆڤارو پەرتووکییان پێ چاپدەکرا (جەباری، 69،1970 ؛ برایمی مەلا، 11،1998).

کاتێکیش کە باسی کوردو چاپخانە دەکەین لەسەردەمی نوێدا، پێویستە ڕۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لەبەرچاو بگرین، چونکە ئەوان پێشەنگی ئەو بوارەن، بەتایبەتی ژمارەکانی چوارو پێنجی ڕۆژنامەی کوردستانی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، کە لەچاپخانەی ڕۆژنامەکە چاپکراون، بەدرخانییەکان دەکات بە پێشەنگی دانانی چاپخانەی کوردی(یەکەم چاپخانە-مطبعة کردستان العلمیە بوو لە ولاتی میسر)(لوقمان ڕەئووف، 2012، 27).

ئەوەی پەیوەندی بە باشووری کوردستانیشەوە هەیە، مێژووی پەیدابوونی چاپخانە زۆر کۆن نییە، وا دیارە دەوڵەتی عوسمانی نەیویستووە چاپخانە بهێنێتە کوردستان و چاپخانەی ئەهلیش لەو ڕۆژگارانەدا برەوی نەبووە(لەتیف فاتیح فەرەج، 2005، 21). کۆنتـرین چاپخانەش، کە هێنرابێتە باشووری کوردستان، چاپخانەی(الویلایە)بوو کە لەساڵی 1879 و لەسەردەمی عوسمانیەکان و لەسەر دەستی (فەیزوڵا پاشای کوڕی حوسێن پاشا)ی والی کەرکووك هێنرایە شارەکە(1) ئەو چاپخانەیە بە یەکەمین چاپخانە دادەندرێت کە لەئەستەنبۆڵەوە بەرێگای ئاوی هێنرابێتە عێراق و پاشانیش هێنرایە کەرکووك (سمکۆ،93،2012 ؛ لەتیف فاتیح فەرەج، 2005، 21 ؛ عەبدوڵا زەنگەنە، 2003، 100).

حوسێن حوزنی موکریانیش(1890-1947)، بە یەکەم کورد دادەندرێت، کەڕۆڵی پێشڕەوایەتی بینیبوە لە پەیداکردن و هێنانی چاپخانە بۆ باشووری کوردستان، بەتایبەتیش بۆ هەولێر، ناوبراو لەساڵی(1914)[2] بەهەوڵ و کۆششی تاکەسی خۆی توانی چاپخانەیەك لە ئەڵمانیا بکڕێت(سمکۆ،94،2012) و (1915) یەکەم چاپخانەی کوردی کە توانای بۆ گەلی کورد تەرخان کردبێت لەشاری حەلەب دامەزراندو لە ساڵی(1925)لەسەر داخوازی سەید تەهای شەمزینی قائیمقامی ئەو کاتەی ڕواندوز،چاپخانەکەی گواستەوە بۆ ئەوێ و دواتریش بۆ شاری هەولێرو ناوی لێنا چاپخانەی کوردستان (جەباری،70،1970؛ خدر مەولود، 1999، 48 ؛ فەرهاد پیـرباڵ، گەنجە کوردەکان، 69،2007 ؛ فەرهاد عەونی، 2000، 31).

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) –ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەردەمی دەستەڵاتدارییەتی ئینگلیزیش لەعێراق، لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی و دوای دامرکاندنەوەی قۆناغی یەکەمی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود لە کۆتایی بەهاری ساڵی1919، ئینگیلز میجەر سۆن- mejar son (3)کردە حاکمی سیاسی سلێمانی بەو مەبەستەی زیاتر خەڵکەکەی پێ بتـرسێنن و لەلایەکی دیکەشەوە زیرەکانە دڵیان بەلای خۆیاندا رابکێشن، سۆن لەهەموو ئینگلیزەکانی دیکەی ئەو سەردەمە زیاتر بۆ ئەم کارە دەستی دەدا، چونکە کوردییەکی باشی دەزانی و شارەزاییەکی باشی باشووری کوردستانیش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئەورووپییەکی پێشکەوتوو بیـری دەکردەوەو بۆ خۆشی کوردناسێکی گەورە بوو، دامەزراندنی چاپخانەیەکی کوردی بە پێویستزانی، هەر ئەو سەردەمەش ئینگلیز ژمارەیەك چاپخانەی کۆنییان هێنایە (عێراق) بۆ ئەوەی مەبەست و کاروبارەکانی خۆیان باشتـر ڕایی بکەن، لەسەر پێشنیازی سۆن یەکێك لەو چاپخانانە بەر شاری سلێمانی و یەکێکی دیکەش بەر شاری کەرکوك کەوتن. سۆن خۆی سەرپەرشتی چاپخانەکەی[4]سلێمانی دەکردو خانووی(فارس ئەفەندی) بۆ گرت، لەگەڵ ئەوەی ئەو سەردەمە کرێکاری خوێنەوار کەم بوون، بەڵام هەر چۆنێك بێت سۆن توانی سێ لاوی خوێندەوار قایل بکات کاری چاپخانەکە بگرنە ئەستۆ،ئەوانیش(شێخ مەجیدی شێخ عارف و ئەدیب عەزیزو مەحەمەد زوهدی) بوون، ئەو سێ پێشڕەوەی ڕۆژنامەنوسی و چاپخانەی باشووری کوردستان پیتەکانیان ڕێکدەخست و نووسینەکانیان ڕاست دەکردەوەو ئینجا بە مەکینەی دەست لە چاپییان دەدا(مەزهەر، 1985،102-103؛ جەمال بابان و ئەوانی دیکە، ب3، 2012،146 ؛ فائق بطی، 2011،33).

دواتر چاپخانەکە کەوتە دەست شێخ مەحموودو چەند ڕۆژنامەیەکی پێ دەرکرد. دواتریش چاپخانەکە کەوتە دەست پیرەمێردی شاعیـرو ئەویش پەرەی پێداو لەماوەی زیاتر لەبیست ساڵ ژمارەیەکی زۆری نامیلکەو پەرتووك و ڕۆژنامەو گۆڤاری پێ چاپکرد (جەباری،1970،70-71).

## مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی و مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری لە باشووری کوردستان

سەرەتای پەیدابوونی ڕۆژنامەنووسی هەر گەلێك مێژووی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم مێژووەش بەستـراوەتەوە بە گەلێك هۆکاری جیا جیاوە، بۆیە خستنەڕووی ئەو لایەنە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) –ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لایەنی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتییەوە هەیە، سەبارەت بە پەیدابوونی ڕۆژنامەنووسی کوردیش، جگە لەمەرجەکانی ناوەوەی کۆمەڵگای (کوردەواری) چەند هۆیەکی دەرەوەش رۆڵی هەبووە، یەکێك لەو هۆکارانەش، پەیدابوونی ڕۆژنامەنووسی و پەرەسەندنی دەوری لە ژیانی ڕووناکبیری و سیاسی گەلانی دراوسێی کوردە(کەمال مەزهەر ئەحمەد، 43،1978).

سەبارەت بە یەکەمین ڕۆژنامەش لەمێژووی گەلی کوردا، (ڕۆژنامەی کوردستان)بە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی و ڕۆژنامەی دایك دادەندرێت کە لەڕێککەوتی(22نیسانی 1898) لە شاری قاهیـرەی پایتەختی میسر دەرچووە(مینۆرسکی،1986، 43 ؛جەباری،61،1970 ؛ سندی،17،1998؛ فائق بطی، 21،2011).

کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەی زایینی لەسەر دەستی کوڕانی میـر(بەدرخانی پاشا) دەرکراوە. دەزگای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کوردی لەشاری قاهیـرە لە میسر لەلایەن(میقداد مەدحەت بەدرخان پاشاو پاشان عەبدولرەحمان بەدرخانی)برای، لەساڵی(1898) دامەزراو هەرلەو ساڵەشدا،یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان لەشاری قاهیـرەدەرچوو(جەمال خەزنەدار، 3،2018؛ جەباری،61،1970؛ تۆفیق،65،2006؛ بلال،1993،145).دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بەسەرەتای شۆڕشی ڕۆشنبیری گەلی کورد دادەندرێت لەو قۆناغەدا(حصاف،77،2009).

یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی(کوردستان)هەروەك لەلاپەڕەی یەکەمی ژمارە(1)ی ڕۆژنامەکە نوسراوە، لە ڕۆژی پێنجشەمەی ڕێککەوتی(30 ذو القعدە 1315) کۆچی، بەرانبەر بە(9نیسانی1314)رۆمی، کە دەکاتە (22نیسانی1898)زاینی لەشاری قاهیـرە دەرچوو لەچاپخانەی (هلال) چاپکراوە.دوایین ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لەرۆژی(6محرمی1320)کۆچی، بەرانبەر بە(1نیسانی 1318)رۆمی، کە دەکاتە(14نیسانی1902)زاینی دەرچووە (کەمال فوئاد،1972؛ زامدار، 7،1998-8؛ الجاف، مصدر سابق،82-83؛ دۆسکی،20،2010).

ئەوەی تایبیشە بەمێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری لەباشووری کوردستان، دەکرێت بڵێیین ئەگەر ڕۆژی(22نیسانی 1898)بەسەرەتای دەستپێکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی لەکوردستان بە گشتی دابنێین، ئەو کاتە بۆمان هەیە ڕۆژی(26کانوونی دووەمی1914)بەسەرەتای دەست پێکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی لەعێراق دابنێین، چونکە لەو رۆژەدا، کوردێکی ڕۆشنبیـر، کە ئەویش جەمالەدین

ڕەشید بابانە (1893-1966)[5] یەکەمین گۆڤاری کوردی بەناوی(بانك کرد-بانگی کورد)لەبەغدا بڵاوکردەوە (جەمال خەزنەدار،12-11،2016).کەواتە گۆڤارەکە به یەکەمین گۆڤاری کوردی لەعێراق دادەندرێت، کە بە هەردوو زمانی کوردو تورکی هەر پازدە ڕۆژ جارێك دەردەچوو، بایەخی بە بابەتی جۆراو جۆری ئاینی و ڕۆشنبیری و کشتوکاڵی و مێژوویی دەدا(موسا عەلی،87،2014؛ منذر الموصلی،361،1986).دوای بڵاوکردنەوەی پێنج ژمارە، ڕۆژنامەکە لەدەرچوون وەستا.ئەویش بەهۆی هەڵگیـرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی و چوونی خاوەنەکەی بۆ ریزی سوپای عوسمانی(جەباری،81،1970).

دوای ئەوەی لەئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهانیش، وەك پێشتـر ئاماژەمان پێیدا، عێراق و کوردستانی باشوور کەوتنە ژێر دەستی ئینگلیز، بەرپرسانی ئینگلیز، پەنایان بردە بەر دەرکردنی ڕۆژنامە بۆ پێکهاتەکانی عێراق، بەتایبەتی عەرەب و کورد، بۆ ئەم مەبەستەش، بیـرییان لە دامەزراندنی دەزگایەکی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی تایبەت بەزمانی کوردی بەشێوەزاری سۆرانی کردەوەو لەسەرەتاشدا پرۆژەکەیان لەشاری بەغداد بەئەنجام گەیاندو لەیەکەم هەنگاویشیياندا زەمینەیان بۆ دەرچوونی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی)[6] لەناو کورد خۆشکرد (جەمال خەزنەدار، 48،2016؛ جەباری، 75،1970؛ فائق بطی ، 31،2011؛ بارام،46،2010).یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەکەش کە هەفتانە بوو، ڕۆژی سێ شەممە لە (1کانوونی دووەمی 1918) لە شاری بەغداد دەرچووە، بەڵام بەهەڵە ساڵی(1917) لەجیاتی 1918 نووسراوە(کەمال مەزهەر ئەحمەد،111،1978).

تەمەنی ڕۆژنامەکە ساڵێك و بیست و شەش ڕۆژ بووەو شەست و حەوتژمارەیلێ دەرچووەو دوايين ژمارەی لە(27 کانوونی دووەمی 1919) دەرچووە(کەمال مەزهەر ئەحمەد، 137،1978؛ فائق بطی، 30،2011).

**تەوەرەی یەکەم: هەلومەرجی دەرچوونی ڕۆژنامەی پیشکوتن (پێشکەوتن):**

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهان و دابەشبوونی میـراتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، لەنێوان وڵاتانی براوەی شەڕەکە، عێراق کەوتە ژێر دەستی بەریتانیاو شێخ مەحمودی حەفید کە کەسێکی دیارو ناسراوی کوردستان بوو، داوای پێکهێنانی وڵاتێکی بۆ کورد کرد، شێخ مەحمود بەهۆی پێگەکەی و لێهاتووییەوە، ئینگلیز بڕیاریدا بیکات بە حوکمداری کوردستان و لەمانگی تشرینی دووەمی 1918

مێجەر نوئیل لەسەر ڕاسپاردەی سێر ئارنۆڵد ویلسنی بریکاری حاکمی سیاسی بەریتانیا لە عێراق هاتە سلێمانی و لەکۆبونەوەیەکی فراواندا، شێخی بەحوکمداری کوردستان ناساند (ابوبکر، 1998،35-36؛ سەججادی، 2017،73-74؛ جاف، 1998،18؛ حبیب، 2013،41).

شاری سلێمانی کرایە مەڵبەندی دەستەڵاتدارییەتی شێخ مەحموود(شوکروڵای بابان،2004،219). مووچەیەکی مانگانەی پازدە هەزار ڕوپیەش[7] بۆ مەلیك برایەوە(سدیق ساڵح، حکوومەتی کوردستان(1918-1924)،32،2006 ؛ الدره، 1966،133). ماوەی حوکمدارییەتی یەکەمی شێخ مەحموود زۆری نەخایاند (مستەفا ئەمین،2002،61). شەڕ لەنێوان ئینگلیزو کورد هەڵگیـرساو شێخ مەحموود، لە شەڕی دەربەندی بازیان، دوای بریندابوونی لە (2حوزەیرانی1919)بە دیلی کەوتە دەست هێزەکانی ئینگلیز[8](ئەحمەد خواجە،2013،41؛ سلۆپی، 2007،75؛ شوکروڵای بابان، 2004،219).

لەهەمان ڕۆژ ئینگلیز شاری سلێمانی داگیـرکردەوەو وەك ئەحمەد خواجە دەڵێت: نزیك دوای نیوەڕۆ چوونە ناو شارەکە (ئەحمەد خواجە،2013،42). دەزگای چاپ و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەیان بەزمانی کوردی لە بەغدادوە گواستەوە کوردستان و چاپخانەیان بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ڕۆشنبیـری کوردی لەشاری سلێمانی[9] دامەزراند، بۆ بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو پێداویستییەکانی خۆیان بە زمانی کوردی، هەر لەو کاتەشدا ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی کوردییان بەناوی (پێشکەوتن) دەرکرد، کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ئەدەبی و زانیاری و کۆمەلایەتی بوو، کەبۆ ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز[10]تەرخانکرابوو (جەمال خەزنەدار، 1973،25؛ جەمال خەزنەدار،2016،49-50؛ جەباری،1970،76؛).

ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی دادەندرێت، لەشاری سلێمانی دەرچووبێت (زکی،1961،238 ؛جەباری1970،82 ؛ فەرهاد عەونی، 2000، 29؛ جاف،1998،34 ؛ فائق بطی ،2011،32). کە لەلایەن شارەوانییەوە بەهاوکاری ڕۆشنبیـرانی ئەو سەردەمە دەرکرا. یەکەمین ژمارەی لەڕۆژی پێنجشەممە ڕێککەوتی (11شەعبانی1338) کۆچی بەرانبەر بە(29نیسانی 1920)زاینی دەرچووەو (مێجەرسۆن mejar son)ڕۆژنامەکەی دەرکردوەو لەسەر ناوی ڕۆژنامەکە ناوی (سلێمانی)نووسراوە، وەك ئەوەی مێجەر سۆن مەبەستی بووبێت ڕۆژنامەکە بە(ڕۆژنامەی

پێشکەوتنی سلێمانی)[11] لەقەڵەم بدرێت(پێشکەوتن یەکەمین رۆژنامەی سلێمانی1920-1922 ، کۆکردنەوەی عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتار- سیروان بەکر سامی ،6،1998؛ کەمال مەزهەر ئەحمەد،219،1978؛ جەمال بابان و ئەوانی دیکە، ب3،،149،2012؛ نەوشیـروان مستەفا ئەمین، 19،2002؛ زاهدە ابراهیم، 89،1976).

لەچاوپێکەوتنێکیشیدا عەبدولرەزاق بیمار: دەرچوونی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بەدیاردەیەکی شارستانی و هەنگاوێکی گەورە لەمەیدانی ڕۆژنامەگەری(کوردی) وەسف دەکات(دەلۆ، 1999 ،22).

پێشکەوتن بۆ کات و شوێنی خۆی ڕۆژنامەیەکی دەوڵەمەندو پێشکەوتوو بوو، ژمارەیەك ڕووناکبیـری ناوداری ئەو سەردەمە وەك، جەمال عیرفان و شێخ نوری شێخ ساڵح و جەمیل سائیب و زەکی سائیب و سەعید کابان و ڕەشید کابان و تۆفیق فایەق و مستەفا قەرەداغی و مەعروف و جیاووك، بەرهەمی خۆیان تیایدا بڵاودەکردەووە، بەم جۆرەش ڕۆژنامەکە شوێنی دیاری لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییدا بۆ خۆی کردەووەو ئەمرۆ ژمارەکانی یەکێکن لەسەرچاوە ڕەسەنەکانی لێکۆڵینەوەی زۆر لایەنی ژیانی گەلەکەمان (کەمال مەزهەر،103،1985؛ فەرهاد عەونی، 2000، 30؛ فاتیح ڕەسوڵ،252،2005 ؛ فائق بطی،33،2011).

بابەتی سەرەکی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بریتییە لەهەواڵ و دەنگوباس (ئەحمەد حەمە،67،2020). ڕۆژنامەکە گرینگییەکی زۆری داوەتە بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی عێراق[12] و جیهان بە گشتی و هەواڵی وڵاتانی ژێر دەستی ئینگلیز بەتایبەتی،[13]بەو پێیەی ئینگلیزەکان سەرپەرشتی دەرکردنییان دەکرد، لە ماوەی سێ ساڵی تەمەنیشیدا 118 ژمارەی لێ دەرچوو، مانگێکیش پێش یەکەم کشانەوەی ئینگلیزەکان لە سلێمانی، ڕۆژنامەکە لەدەرچوون وەستاو دواین ژمارەشی لە(27تەموزی1922(14) دەرچوو(پێشکەوتن یەکەمین رۆژنامەی سلێمانی 1920-1922 کۆکردنەوەی عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتار-سیـروان بەکر سامی،1998،6 ؛ جەمال خەزنەدار،1973،25 ؛ جەباری، 83،1970؛ زکی، 238،1961).

**تەوەرەی دووەم: هەڵوێستی ڕۆژنامەی پێشکەوتن(15)بەرانبەر بە فەیسەڵی یەکەمی مەلیکی عێراق**

ئەمیـر فەیسەڵ هێشتا لەسوریا بوو، ڕۆژنامەی پێشکەوتن هەواڵـەکانی بڵاودەکردەووەو هەوڵیدەدا لەبەرانبەر فەرەنساو عەرەبەکانی عێراق سەبارەت بەو شکستانەی لەسوریا(16) بەسەریدا هاتبوون پاکانەی بۆ بکات. هاوکات زەمینەشی خۆشدەکرد بۆ ئەوەی گەلی عێراق بیکەنە مەلیکی خۆیان(نەوشیـروان مستەفا ئەمین،60،2002).

لە(30حوزەیرانی1920)عێراقییەکان شۆڕشێـکی گەورەیان لەدژی ئینگلیز کە بەداگیـرکاری وڵاتەکەیان دەزانی بەرپاکرد (ناجی شوکت،54 ؛ الحسنی، تاریخ العراق السیاسی الحدیث،الجزء الاول 42،2008 ؛ عبدالكريم حسان، 45،2008). کە لەمێژووی ئەو وڵاتەدا ناسراوە بەشۆڕشی ساڵی(1920). ئینگلیز بەرەنگاری شۆڕشەکە بووەو بەشێك لەسەرکردەکانی شۆڕشەکەش چوونە حیجازو بوونە میوانی شەریفی کوڕی حوسێنی پاشای ئەو مەملەکەتە. سەرکردە عێراقییەکان(17)داوایان لەشەریف حوسێن کرد یەکێك لەکوڕەکانی دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی وەکو پاشای عێراق بەیعەت(پەیمانی)پێبدەن و لەمبارەیەشەوە پێیان باش بوو ئەو کوڕە ئەمیـر عەبدوڵڵا بێـت، لەسەرەتادا شەریف ڕەزامەندی لەسەر ئەو داواکارییە پیشان نەدا، تاکو دواتر ڕەزامەندی لەسەر ئەمیـر فەیسەڵ پیشاندا، کەدواتر لە(23ئابی1921)لەسەر تەختی پاشایەتی عێراق دادەنیشێت(فائق الشیخ علی ،35،2014 ؛ نظمی، 421،1985).

لەمانگی(ئابی1920)حکومەتی بەریتانیا لەڕێنماییەکیدا پرسی دانانی فەیسەڵی بەپاشای عێراقی ئاڕاستەی سێر پرسی کەوکەسی حاکمی عێراق کرد(علاء جاسم محمد، 1990، 139-140؛ نظمی،417،1985).

لەکۆنگرەی قاهیرەش(18)کە لە(12ئازاری1920)بەسەرپەرشتی وینسۆن چەرچلی وەزیری داگیـرگەکانی بەریتانیا بەسـترا(الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، الجزء الاول، 43،2008 ؛ د.عبدالمجيد كامل التكريتي،1991، 33-34). ناوبراو پێی وابوو کە فەیسەڵ(19) لە توانایدا هەیە فشارەکانی سەر بەریتانیا بەتایبەتی لەلایەنی دارایی و تێچووی کردەوە سەربازییەکان لەعێراق

کەمبکاتەوەو لەم ڕووەوە هاوکارێکی باشی بەریتانیا بێت(علاء جاسم محمد،1990،143-144؛ نظمی، 1985،420 ؛الريحانی،1934،39-40 ؛ حبيب،2013،113).

پێش گەیشتنیشی بۆ عێراق، ڕۆژنامەی پێشکەوتن لەلاپەڕە سێیەمی ژمارە(57)یدا، کە لەڕێککەوتی (26ئایاری1921)دەرچوو لەهەواڵێکدا لەژێرناوی(امیـر فيصل لەقاهرە)، ئاماژەی کردووە بەوەی کەڕۆژی (4رەمەزانی 1339ی کۆچی)، میـرو سەرکردەکانی عەرەب لە(میسر) پێشوازییان لەئەمیـر فەیسەڵ کرد. هاوکات هەواڵەکە ئاماژەی بەچەندین زانیاری دیکەی ورد سەبارەت بەو کەسانەی لە پێشوازی فەیسەڵ و گەیشتنی بە شەمەندەفەرو بەڕێکردنی بۆ میوانخانە( هوتێل) کردووە (ڕ، پێشکەوتن،ژ،57).

ڕۆژنامەی پێشکەوتن، لەماوەی هەوڵەکانی دانانی ئەمیـر فەیسەڵ بەمەلیکی عێڕاق و بەڕێککەوتنی و پێشوازیکردنی و دانیشتنی لەسەر عەرش، چەندین هەواڵ و بابەتی بڵاوکردووەتەوە. لەوانەش لەژمارە(61)ساڵی دووەمیدا کەڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی(23حوزەیرانی1921)دەرچووە، لەلاپەڕە سێیەمیدا هەواڵێکی لەبارەی پەیامێکی مەندوبی سامی بەریتانیا لەعێڕاق، کە بۆ کاربەدەستانی سلێمانی ڕەوانە کردووە، بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا هاتووە: مەندوبی سامی بەریتانی خەبەری داوە ڕۆژی 23 ئەم مانگە، ئەمیـر فەیسەڵ، کە لەسەر داخوازی بەریتانیا دەکرێتە پاشای عێڕاق، دەگاتە بەسرە(ڕ، پێشکەوتن، ژ، 61).

لەژمارە(63)ی ساڵی دووەمی ڕۆژنامەکەشدا، کە لەڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی(7تەمووزی1921) دەرچووە لەلاپەڕەی یەکەمدا، هەواڵێك بڵاوکراوەتەوە کە تایبەتە بەداوایەکی( عەبدولرەحمان نەقیب)ی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی عێڕاق، کە تیایدا داوای لەوەزیرەکانی کابینەکەی کردووە، لەکاتی گەیشتنی فەیسەڵ بۆ عێڕاق، ڕێوڕەسمێکی شایستە بەمەبەستی بەخێرهێنانی سازبکەن بەجۆرێك کە لەئاست گەورەیی و شکۆی ئەو بێت. هاوکات ئاماژەش دراوە بەوەی کە ئەنجوومەنی وەزیران، کاربەدەستانی ڕاسپاردووە هەرچی پێویستە بۆ بەپیـرەوەچوونی ناوبراو دابین بکرێت و هاوکات شوێنێکی شایستەش بۆ مانەوەی ئامادەبکرێت، لە کۆتایی هەواڵەکەش، ئاماژە دراوە بەوەی کەهەموو هاووڵاتیانی عێڕاق لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە بانگهێشت کراون بۆ ئامادەبوون لەمەراسیمی پێشوازیکردن لەئەمیـر فەیسەڵ(ڕ، پێشکەوتن، ژ63).

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) –ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوای بەڕێکەوتنیشی بۆ عێراق، فەیسەڵ لەناوەڕاستی مانگی(حوزەیرانی1921)گەیشتە بەسرەو لە(29) هەمان مانگیش گەیشتە بەغداد(عبدالرزاق الحسنى، تاريخ العراق السياسى الحديث، الجزء الاول،2008،222 ؛ طالب مشتاق،1989،97).

لەبارەی گەیشتنی(فەیسەڵ)یش بۆ بەسرە، هەر لەژمارە(63)ڕۆژنامەی پێشکەوتن و لەلاپەڕە سێیەمیدا، لەژێر ناونیشانی(گەیشتنی امیـر فیصل بۆ بصره) بەوردی هەواڵێکی سەبارەت بە گەیشتنی ناوبراو بۆ شاری بەسرە لەڕۆژی(24حوزەیران) و پێشوازیکردنی لەلایەن موتەسەڕیف(پارێزگاری)شارەکەو ژمارەیەك لەکاربەدەستانی ئینگلیزو عێراقی بڵاوکردووەتەوە، لەهەواڵەکەشدا هاتووە: ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، کاتژمێر پێنج فەیسەڵ گەیشتە بەسرەو بڕیار بوو ڕۆژی دواتر لەپاپۆڕ دابەزێت، بەڵام کاتژمێر شەشی هەمان ڕۆژ دابەزی و پێش هاتنە خوارەوەی ژمارەیەك لەکاربەدەستانی بەریتانی و عێراقی چوونە ناو پاپۆڕەکەو بەخێرهاتنی خۆی و هاوڕێکانییان کرد، هەر لەهەواڵەکەدا هاتووە: دوای هاتنە دەرەوەی فەیسەڵ، لەڕێوڕەسمێکدا پەیامی بەخێرهاتنی لەلایەن قوتابیانی بەسرە خوێندرایەوەو بەناو ئاپۆڕەی خەڵکی کەلەسەر هەردوو لای شەقامەکان وەستابوون بەرەو ئەو ماڵە بەڕێکرا کە لەلایەن موتەسەڕیفەوە بۆی دابینکرابوو(ڕ، پێشکەوتن، ژ،63 ؛ علاء جاسم محمد،1990،148 ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین،2002،117-118).

هەر لەلاپەڕە سێیەمی ژمارە(63)ی ڕۆژنامەی(پێشکەوتن)دا کە بۆ هەواڵەکانی تایبەت بە فەیسەڵ تەرخانکراوە، تیشك خراوەتە سەر بەڕێکردنی ناوبراو لەبەسرەوە بۆ بەغدادو لەمبارەیەشەوە، ڕۆژنامەکە لەسەر زاری ناجی بەگ سویدی موتەسەڕیفی شارەکە، ئاماژەی داوە بەوەی فەیسەڵ ڕۆژی(24)مانگ دەگاتە شاری نەجەف و داواشکراوە(10)ئۆتومبێل بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بکرێن. هەروەها ئەوەش ڕوونکراوەتەوە کە ڕۆژی(29)مانگ فەیسەڵ دەگاتە بەغدادو هاوکات ڕۆژنامەکە تیشکیشی خستووەتە سەر ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بەئامادەکردنی قوتابیانی قوتابخانەکانی بەغداد بۆ بەشداریکردن لەمەراسیمی پێشوازیکردن لەمەلیکی داهاتوویان، لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژنامەکە هەواڵی نیازی کۆمەڵێك لەخەڵکی موسڵ بڵاوکردووەتەوە بەوەی خۆیان ئامادەکردووە بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی پێشوازیکردن لەفەیسەڵ بچنە شاری بەغداد. هەروەها لەهەواڵەکەدا، بەوردی ناوی ئەو شوێنانەی شارەکە براوە کە بەهەمان بۆنەوە ڕازێنراونەتەوە(ڕ، پێشکەوتن، ژ63).

کاتێکیش ئەنجوومەنی وەزیرانی عێڕاق(حکومەتی کاتی) لەدانیشتنی ڕۆژی (11تەمووزی1921)بە کۆی دەنگ، بڕیاریدا لەسەر دەستنیشانکردنی فەیسەڵ بۆ مەلیکی عێڕاق (علاء جاسم محمد،150،1990؛ الريحانى، 47،1934 ؛ ناجى شوكت،63). ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)یش لەلاپەڕەی دووەمی ژمارە(65)ساڵی دووەمیدا، کە ڕۆژی پێنجشەمە، ڕێککەوتی (21تەمووزی1921)واتە دە ڕۆژ دوای بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێڕاق دەرچووە، ئەو هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە (ڕ، پێشکەوتن، ژ65).

هەر لەلاپەڕەی دووەمی ژمارە(65)یدا، ڕۆژنامەی پێشکەوتن بابەتێکی لەژێر ناوی(عراق و امیـر فيصل) بڵاوکردووەتەوە، لەپێشەکی بابەتەکەدا هاتووە"ام مقالەيە عبارەتە لەتاريخ مختصر او وقوعات سياسى يە كە لەپاش تشريف هينانى اميـر فيصل لەڵاينى حكومت بريتانياوە قبول بونى داواى او بو تخت و تاج عراق قوماوە" ناوەرۆکی بابەتەکەش باس لەداواکارییەکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێڕاق دەکات کەئاڕاستەی(مندوبی سامی بەریتانیا)ی لەعێڕاق کراوە بۆ ئەوەی پەلە بکرێت لەدەرکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن لەنزیکتـرین کاتدا بەڕێوەبچێت. هەر لەبابەتەکەدا ئاماژە بە وەڵامی مەندوبی سامی بەریتانیا بۆ هەمان داواکاری کراوەو هۆکاری دواکەوتنی دەرچوونی یاساکەی بۆ بوونی چەند کێشەیەك و دواڕۆژی ناوچە کوردییەکان گەڕاندووەتەوە کە هەندێك ناوچە نایانەوێت بخرێنە سەر عێڕاق. هەروەها لەبابەتەکەدا هاتووە: مەندوبی سامی ئاماژەشی داوە بەوەی وەزارەتی ناوخۆی عێڕاق هەواڵیان پێداوە کە بەلایەنی کەمەوە سێ مانگییان پێویستە بۆ ئامادەکارییەکان، بەڵام ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیرانی عێڕاق بەنیازە زووتر ئەو پرسە چارەسەر بکرێت، پێویستە هەنگاوی خێراتر بهاوێژێت(ڕ، پێشکەوتن، ژ65 ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین،2002،119-120).

هەر سەبارەت بە هەڵوێستی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەرانبەر بە پرسی دەست نیشان کردنی فەیسەڵی کوڕی حوسێن بەپاشای عێڕاق و گەیشتنی ناوبراو بۆ عێڕاق لەژمارە(67)ساڵی دووەمیشیدا کە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێککەوتی(4ئابی1921)دەرچووە، لەلاپەڕە سێیەمیدا هەواڵێکی لەژێر ناوی(امیـر فیصل) بڵاوکردووەتەوەو تیایدا ئاماژەی داوە بەوەی ڕۆژی (25مانگی تەمووزی ڕابردوو)ئەمیـر

فەیسەڵ، گەیشتووەتە رومادی و لەلایەن ژمارەیەکی زۆری عەشیرەتی(دلێم)ەوە پێشوازیکراوەو خۆشحاڵی خۆیان بەو سەردانەی ئەمیـر پیشانداوە(ڕ، پێشکەوتن، ژ67).

هەروەها ڕۆژنامەکە لەژمارە(69)یدا، کە لەرێککەوتی(18ئابی1921)دەرچووە، لەدووەمین لاپەڕەیدا هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوەو تیایدا ئاماژەی داوە بەوەی کە هەواڵەکان وا دەردەخەن ئەگەری هەیە فەیسەڵ لەلایەن تەواوی خەڵکی عێراقەوە بە پاشا هەڵبژێردرێت. ئەوەش باسکراوە کە خەڵکی بەسرەو تکریت و موسڵ فەیسەڵییان وەك پاشا قبوڵکردووە، هەواڵەکە ئەوەشی تێدا هاتووە: هەرچەندە بە فەرمی ئەنجام ڕانەگەیەندراوە، بەڵام بە پێی ئەو هەواڵانەی لەرۆژنامەکانی عێراق بڵاودەکرێنەوە، خەڵکی عێڕاق ناوبراو دەکەن بە پاشای خۆیان (ڕ، پێشکەوتن، ژ69).

دوای دەست نیشانکردنی(فەیسەڵ)یش بە مەلیکی عێڕاق، ڕۆژنامەی پێشکەوتن لەلاپەڕەی چوارەمی ژمارە(71)یدا، کە لەرێککەوتی (30ئابی1921) دەرچووە، هەواڵی بەرێوەچوونی مەراسیمی لەسەر تەخت دانیشتنی مەلیك فەیسەڵی بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا هاتووە: ڕۆژی 23ئۆگۆست1921 ڕەسمی چوونە سەر تەختی پاشایەتی عێڕاق بۆ مەلیك فەیسەڵ لەسەرای بەغداد رێکخرا، لەوێدا بە قەد هەزار کەس لە ئەشرافی عێڕاق و بەغدادو ساحێبی مەنسەباتی ئینگلیز و مەندوبی سامی سێر پرسی کۆکس، ساحێب و قوماندانی عمومی ئامادەبوون(20) بەپێی قاعیدە تۆپ هاوێژرا، لەلایەنی پاشای ئینگلیزەوە تەلێکی موبارەك بادی بۆ حەزرەتی مەلیکی عێڕاق هاتووە (ڕ، پێشکەوتن، ژ71 ؛ علاء جاسم محمد،1990،154 ؛ ناجی شوکت،63؛ الريحاني،1934،52 ؛ ئەحمەد حەمە،2020،83).

دوای دەست بەکاربوونیشی، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، بایەخی داوە بەهەواڵ و چالاکییەکانی مەلیك فەیسەڵ و لەچەند ژمارەیەکیدا هەواڵی تایبەتی لەبارەیەوە بڵاوکردووەتەوە، لەوانەش سەردانەکانی مەلیك بۆ شارەکانی عێڕاق و سەردانی بۆ وڵاتانی دەرەوە (ئەحمەد حەمە،2020،84).بۆ نموونە لەژمارە(78)ی ساڵی دووەمیدا، کەرۆژی پێنجشەممە، رێککەوتی(20تشرینی یەکەمی1921) دەرچووە، لەدوایین لاپەڕەیدا هەواڵێکی بەناونیشانی(ملك عراق لەموصل)بڵاوکردووەتەوەو لەهەواڵەکەدا هاتووە: لەدەی ئەو مانگەدا، خاوەن شکۆ امیـر فەیسەڵ گەیشتووەتە موسڵ (ڕ، پێشکەوتن، ژ78).

هەروەها لەژمارە (85)ی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێککەوتی(8کانوونی یەکەمی1921)، ڕۆژنامەکە هەواڵێکی بەناونیشانی(تشریف فرمونی ملك عراق بەمنتفك موكب ملكی لە سوق الشیوخ)لەلاپەڕە سێیەمیدا بڵاوكردووەتەوەو تیایدا هاتووە: لە 21 تشرینی دووەمی ڕابردوو هەواڵ لە ناسرییەوە هاتووە كە كەژاوەی مەلیك گەیشتووەتە سوق شیوخ و سەرەڕای پێشوازیكردنیشی بەگەرمی، دانیشوانانی ناوچەكە زۆر دڵخۆشبوون بەو سەردانە. هەروەها لەهەواڵەكەدا باسی ڕازاندنەوەی شوێنی مانەوەی مەلیك و سەردانی ناوبراو بۆ سەرای ناوچەكە كراوەو لەمبارەیەشەوە ڕۆژنامەی پێشكەوتن نووسیویەتی: وەختێ جەلالەتی مەلیك تەشریفی بردە سەرا سەد كەس موشەڕەف بوون بە دیداری مەلیك و بە پێی ڕۆژنامەكەش دوای ئەو دیدارانە نانی نیوەڕۆ ئامادەكراوە لەسەر خوانی مەلیك، هەریەكە لە یاوەرانی مەلیك و پیاوماقوڵان و ئەفسەرانی بەریتانیا ئامادەبوون، لە كۆتایی هەواڵەكەدا ڕۆژنامەی پێشكەوتن ئاماژەی كردووە بەوەی كە دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ مەلیك فەیسەڵی یەكەم، بە شەوكەوت و عەزەمەتێكی گەورەوە تەواوی ئەو ڕۆژەی لەگەڵ كەسایەتی و پیاماقوڵان و سەرۆك هۆزەكانی ناوچەكە ڕایبواردووەو ئێوارەی ئەو ڕۆژە بە شێوەیەكی تایبەتی نانی ئێوارەی فەرمووە (ڕ، پێشكەوتن، ژ 85).

لەژمارە(86)شی ساڵی دووەمیشدا كە ڕۆژی پێنجشەممە،ڕێككەوتی(15كانوونی یەكەمی 1921) كەوتووەتە بەر دەستی خوێنەران، لەیەكەمین لاپەڕەیدا هەواڵێك لەژێرناوی(جمعیت كركوك لەبغداد) بڵاوكراوەتەوەوەو تیایدا هاتووە: لە 30 مانگی ڕابردوو، ژمارەیەك لەپیاوماقوڵانی كەركوك سەردانی بەغدادیان كردووەو شادبوون بەدیداری مەلیك فەیسەڵ (ڕ، پێشكەوتن، ژ86).

مەبەست لەو سەردانەش گەیاندنی پەیامی پیرۆزبایی بووە بەمەلیك فەیسەڵ بەبۆنەی چوونە سەرتەختی پاشایەتی، چونكە، لەسەرەتای هەواڵەكەدا ئاماژە دراوە بەوەی دوای دەنگدانی گشتی بۆچوونێك هەبووە شاندێك لەكەركوكەوە بەمەبەستی چوونە خزمەتی خاوەن شكۆ سەردانی بەغداد بكات.

لەلاپەڕەی چوارەمی ژمارە(91)ی ساڵی دووەمیشیدا، كەڕۆژی پێنجشەممە، ڕێككەوتی(19كانوونی یەكەمی1922) دەرچووە، ڕۆژنامەی پێشكەوتن، هەواڵێكی بەناونیشانی(لەبینی دو مللك دا) صاحب الجلالة ملك فیصل الاول و ملك جورج پنجم، لەبارەی پیرۆزبایی كردنی هەردوو مەلیك لە یەكتری بە

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) –ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆنەی سەری ساڵەوە بڵاوکردووەتەوەو تیایدا ئاماژەی داوە بەوەی بە بۆنەی سەری ساڵ لە پەیامێکدا مەلیك فەیسەڵ: پیرۆزبایی لە پاشای بەریتانیاو شاژن و ئەندامانی خانەوادەکەی کردووەو هیوای خۆشی و شادی زیاتری بۆ گەلی بەریتانیا خواستووە، هەر لە هەواڵەکەدا، پەیامی پاشای بەریتانیاش بۆ مەلیکی عێڕاق بڵاوکراوەتەوە کە پاشای بەریتانیا بەناوی خۆی و شاژن و خانەوادەکەی، سوپاسی مەلیك فەیسەڵی کردووە بەرانبەر ئەو پەیامەی و هیواشی خواستووە ساڵی نوێ، ساڵی خێرو خۆشی بێت بۆ گەلی عێڕاق (ڕ، پێشکەوتن، ژ91).

لەلاپەڕە چوارەمی ژمارە (101)ی ساڵی دووەمیشیدا، کە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی(30ئازاری1922) بڵاوبووەتەوە، بە بۆنەی بڕیاری بەریتانیا بەرانبەر بە پێدانی سەربەخۆیی بە میسرو پێدانی نازناوی پاشایەتی(خدیۆی میسر)لەلایەن پاشای بەریتانیاوە بەمەلیك فواد، پەیامێکی مەلیك فەیسەڵ بۆ مەلیك فوئادی هاوشانە میسرییەکەی بڵاوکراوەتەوە کەتیایدا مەلیك فەیسەڵ نووسویەتی: لەم ڕۆژە مێژووییەدا کە گەلی میسر بەدەستی هێناوە، پیرۆزبایی لە جەنابتان دەکەم و پڕبەدڵ هیوای شادییتان بۆ دەخوازم (ڕ، پێشکەوتن، ژ101).

ئەو پەیامەی پیـرۆزبایی مەلیك فەیسەڵی یەکەم لە ڕێککەوتی(18ئازاری1922) ئاڕاستەی مەلیکی میسری کردووە، واتە (چوار ڕۆژ پێش دەرچوونی ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی پێشکەوتن کە ئاماژەی بەو بابەتە کردووە)(الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، ج1، 1982، 94).لە لاپەڕە پێنجەمی هەمان ژمارەشیدا، ڕۆژنامەکە بروسکەی سوپاسگوزاری مەلیك فوئادی پاشای میسر کە لەبەرانبەر پەیامی پیرۆزباییەکەی ئاڕاستەی مەلیك فەیسەڵی کردووە، بڵاوکردووەتەوە کەتیایدا ناوبراو هیوای ژیانێکی خۆشی بۆ فەیسەڵ و گەلی عێڕاق خواستوە (ڕ، پێشکەوتن، ژ101).

هەر تایبەت بە گرنگی دانی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکی و سەردانەکانی مەلیك فەیسەڵ، لەژمارە (102) شدا کەڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی(6نیسانی1922) دەرچووە، لە لاپەڕە شەشەمیدا، هەواڵێکی بەناونیشانی(عنايت جلالتى ملك فيصل به زراعت) بڵاوکردووەتەوە، کە تایبەتە بەسەردانیکردنی مەلیك فەیسەڵ، بۆ بارەگای کۆمەڵەی چاندنی لۆکەی بەریتانیا لەناوچەی شێخ جونێد لە بەغداد. لەهەواڵەکە ئاماژەش دراوە بەوەی کە سەرۆك و ئەندازیارو ئەندامانی کۆمەڵە بەگەرمی بەخێرهاتنی مەلیکی(عێڕاق)ییان کردووە (ڕ، پێشکەوتن، ژ102).

لەژمارە (103)ساڵی سێشەمیشدا، کە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی(13نیسانی1922) دەرچووە، لەلاپەڕە پێنجەمیدا هەواڵێکی تایبەت بە سەردانی مەلیك فەیسەڵ بۆ رومادی بە فرۆکە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەشدراوە کەمەلیك لەلایەن سەرۆك هۆزو دانیشتوانانی ناوچەکە بەگەرمی پێشوازی کراوە (ئەو سەردانەی مەلیك کە بەیاوەری مەندوبی سامی بەریتانیا بووە مەبەست لێ گەشتکردن بووە) چونکە لە هەواڵەکە باسکراوە کەدوای خواردنی نانی نیوەڕۆ مەلیك و هاوڕێکانی سەیری دیمەنە جوانەکانی ناوچەکەیان کردو ئێوارەی هەمان ڕۆژ گەڕاونەتەوە بەغداد (ڕ، پێشکەوتن، ژ103).

لەلایەکی دیکەشەوە لەلاپەڕەی چوارەمی ژمارە (111) ساڵی سێیەمیدا، کە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی (8حوزەیرانی1922) دەرچووە، ڕۆژنامەکە لە هەواڵێك بەناونیشانی(لە مجلس عوامی بریطانیادا مسئله حمایه عراق) ئاماژەی کردووە بەوەی کە چەرچل سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 23 مانگی مایسی ڕابردوو ئەو دەنگۆییانەی بەدرۆخستووەتەوە کە گوایە مەلیك فەیسەڵ و ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، دژی پاراستن(حمایە)ی بەریتانیان بەسەر عێراق (ڕ، پێشکەوتن، ژ111).

هەر تایبەت بە پەیوەندییەکانی نێوان بەریتانیاو عێراق و ڕۆڵی مەلیك فەیسەڵی یەکەم لەم پرسەدا لەژمارە (112)ی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێککەوتی(15حوزەیرانی1922) ڕۆژنامەی پێشکەوتن لەلاپەڕە یەکەمیدا هەواڵێکی تایبەت بە پەیوەندییەکانی نێوان بەریتانیاو عێراقی بڵاوکردووەتەوەو ناوەڕۆکەکەی بریتییە لەوەی حەداد پاشا نوێنەری مەلیك فەیسەڵ لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەئاژانسی هەواڵەکانی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندوە مەلیك و گەلی عێراق، خوازیاری مۆرکردنی پەیمانێکن لەنێوان هەردوولا دا کە بە ڕوون و ئاشکرا دان بە سەربەخۆیی عێراقدا بنێت (ڕ، پێشکەوتن، ژ112).

## تەوەرەی سێیەم: هەڵوێستی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەرانبەر بە حکومەتی عێراق و دام و دەزگاکانی لەسەردەمی پاشایەتییدا :

لەکاتی گەیشتنی سێر پرسی کۆکس بۆ بەغداد لەڕێککەوتی(11تشرینی یەکەمی1920)یەکەم کاری پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری بوو لەژمارەیەك کاربەدەستی بەریتانی، یەکەمین کۆبوونەوەی

ئەنجوومەنەکەش لەبیست و یەکی هەمان مانگ بەسترا بۆ تاوتوێکردنی پرسی پێشنیازی دامەزراندنی حکومەتی کاتی عێراق(کەئەمە ئەرکی سەرەکی کۆکس بوو)بۆ ئەوەی ئەرکی نێوانگیری لەنێوان دەستەڵاتدارییەتی بەریتانیاو گەلی عێراق بگێڕێت (الزیادی،61،2012 ؛ الریحانی،38،1934 ؛ الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج1، 1982، 10).

بەم جۆرە دوای سێ هەفتە لەگەیشتنی سێر برسی کۆکەس بۆ بەغداد، یەکەمین کابینەی وەزاری لەڕێککەوتی(25تشرینی یەکەمی1920)بەسەرۆکایەتی عەبدولرەحمان نەقیبی ئەشرافی بەغدا پێکهێندرا، کە بێجگە لە سەرۆك وەزیران، هەشت وەزیری لە خۆگرتبوو (طالب مشتاق،93،1989؛ ناجی شوکت،56 ؛ الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج1، 1982، 10).ئەوەی پەیوەندی بە هەڵوێستی ڕۆژنامەی(پێشکەوتن)یش هەیە بەرانبەر بەو کابینە وەزارییە، سەیر دەکەین، ڕۆژنامەکە لە هەندێك ژمارەیدا هەواڵ و چالاکییەکانی ئەو حکومەتەی بڵاوکردووەتەوە، بۆ نموونەش، لەژمارە (46)ی ساڵی یەکەم، کە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی(10ئازاری1921) بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە یەکەمیداو لە بابەتێکدا بەناوی (چاندنی لۆکە)، ئاماژەی داوە بەوەی: فەرمانگەی کشتوکاڵی عێراق لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، تاقیکردنەوەی زۆری لەسەر چاندنی لۆکە ئەنجامداوە بۆ ئەوەی بزاندرێت کامە جۆری لۆکە قازانجی زۆرە. هەر لە بابەتەکەدا ئەوەش باسکراوە کە دوای ئەنجامدانی چەندین تاقیکردنەوە، بەدیارکەوتووە لۆکەی عێراقی سپی) لە جۆرەکانی دیکە باشتـر بەرهەم دەهێندرێت، هاوکات لەبابەتەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە فەرمانگەی کشتوکاڵی عێراق، بەنیازە ئەو جۆرەی تۆی لۆکەیە، بەسەر خاوەن زەوی و جوتیاران دابەشی بکات، لەهەمان کاتدا ڕۆژنامەکە ڕاشیگەیاندووە مەبەست لەم هەنگاوە خستنە سەر ڕێگایەکی درووستی چاندن و بەرهەمی لۆکەیە (ڕ، پێشکەوتن، ژ46).

هەر تایبەت بەو بابەتە، ڕۆژنامەی پێشکەوتن لەژمارە(53)ی ساڵی دووەمی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی (28نیسانی1921) لە لاپەڕە یەکەمیداو لەژێرناوی(زراعت لوکە) هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوەو تیایدا هاتووە: هەروەك چۆن لەژمارەکانی پێشوودا، هەواڵی تاقیکردنەوەی جۆرەکانی تۆی لۆکەو پەسندکردنی جۆری(عێراقی سپی)مان بڵاوکردەووە، حکومەتی عێراق پێنج هەزار کیلۆی لە جۆری ئەو تۆیە ڕەوانەی سلێمانی کردووە، کە هەزار کیلۆی لێ ڕەوانەی هەڵەبجە

کراوەو ئەوەی ماوەتەوەش، بەسەر جووتیارانی سەرچنارو تانجەرۆ سورداش دابەش دەکرێت (ڕ، پێشکەوتن، ژ53).

لەژمارە(47)یش، کە لەڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی (17ئازاری1921) دەرچووە، لەلاپەڕەی دووەمیدا بابەتێك لەژێر ناوی(حلە)بڵاوکراوەتەوە، کەتیایدا باس لەوەکراوە، فەرماندەی سوپای حەڤدە لەحلە، شێخ ئەدعی جەربیان، سەرۆك هۆزی ئەبوسوڵتانی بانگهێشتی لای خۆی کردووەو بەناوی حکومەتەوە سوپاسی کردووە بۆ ئەو هاوکاری و لەخۆربوردییەی لەکاتی پشێوییەکانی هاوینی ساڵی ڕابردووی ناوچەکە، پێشکەشی حکومەتی کردووە، هاوکات هەر بە پێی هەواڵەکە فەرماندەی سوپا ئەوەشی بیـری میوانەکانی هاوڕێی شێخی ناوبراو هێناوەتەوە کە حکومەت ئەو چاکەیە لەبیـر ناکات(ڕ، پێشکەوتن، ژ47 ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، 110-109،2002).هەر لەژمارە (47)داو لەلاپەڕەی سێەمییدا، هەواڵێك بڵاوکراوەتەوە کە تایبەتە بە گەشتکردنی (سێربرسی کۆکس)حاکمی عێراق بۆ قاهیـرە، بەمەبەستی گفتۆکردن لەسەر ڕەوشی عێراق و کوردستان و میسرو فەڵەستین، لەهەواڵەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەشکراوە کە هەریەکە لەساسۆن ئەفەندی و جەعفەر عەسکەری وەزیرانی دارایی و بەرگری حکومەتی عێراق، ئەندامی ئەو سەردانەی شاندەکەی (عێراق)ن (ڕ، پێشکەوتن، ژ47).

لەلاپەڕە یەکەمی ژمارە(54)ی ساڵی دووەمیشیدا، کەڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی (5مایسی1921) دەرچووە، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، هەواڵێکی لەسەر لەکارلادانی تاڵیب پاشای وەزیری ناوخۆی حکومەتی عێراق لە پۆستەکەی(21)لەلایەن سێر برسی کۆکەسی حاکمی عێراقەوە بڵاوکردووەتەوەو ئاماژەشی بە هۆکارەکانی ئەو بڕیارەی حاکمی عێراقیش داوەو لەمبارەیەشەوە ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە سێر برسی کۆکەس زانیوویەتی کە لەشەوی چواردەی ئەم مانگەدا(مانگی نیسانی1921) تاڵیب پاشا، لە بەردەم بەشێك لە میوانە تایبەتییەکانی وتارێکی نا موناسیب و هەڕە ئامێزی خوێندووەتەوەو بەم هۆیەشەوە حاکمی عێراق ناچار بووە بڕیاری لەسەر کارلادانی ئەو وەزیرە دەربکات(ر، پێشکەوتن، ژ،54 ؛الریحانی،42،1934).

هۆکاری دوورخستنەوەی ناوبراویش لە پۆستەکەی ،دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستەکانی بەرانبەر بە بەریتانیاو مەلیك فەیسەڵ و بەکارهێنانی پۆستەکەی بۆ مەبەستە تایبەتیەکانی و هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لەفەرەنسی و ئێرانییەکان، بۆ ڕەتکردنەوەی دەست نیشانکردنی هەر پاڵێوراوێکی بنەماڵەی

شەریف بۆ تەختی پاشایەتی عێراق(علاء جاسم محمد،1990،144؛محمود شبيب،1983،129-130؛ الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج1، 1982، 38). لەهەمان کاتدا ناوبراو خوازیاری دامەزراندی کۆماری عێراق(22)بوو، کە خۆی سەرۆکەکەی بێت (ناجی شوکت،62).

## تەوەرەی چوارەم: هەڵوێستی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەرانبەر بە سوپای عێراق لەسەردەمی پاشایەتییدا:

ڕۆژنامەی پێشکەوتن هەوڵیداوە هەڵوێستێکی ئەرێنی و دۆستانە بەرانبەر بەسوپای عێراق و دامەزراوەکانی پەیڕەو بکات و هاوکات وەك پارێزەری سەرو ماڵی هاووڵاتییانیش سەیری ئەو دامەزراوەیەی کردووەو لە چەند ژمارەیەکیدا هەواڵی تایبەتی بە سوپا بڵاوکردووەتەوە، لەمبارەیەشەوە

لە ژمارە(59)ی ساڵی دووەمیدا، کە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی (9حوزەیرانی1921) دەرچووە، لەلاپەڕەی یەکەمیدا، بابەتێکی بەناویشانی(عسکری و ژیان) بڵاوکردووەتەوەو تیایدا ئاماژەی داوە بە گرینگی سوپا لەپاراستنی وڵات و لەدوژمنەکانی دەرەوەو سەرو ماڵی هاووڵاتیان و داواش لەهەموو لایەك کردووە هەوڵەکانییان بەئاڕاستەی دامەزراندنی سوپایەکی بەهێز چڕبکەنەوە، لەکۆتایی بابەتەکەشدا، ڕۆژنامەکە خۆشحاڵی خۆی پیشانداوە بەوەی حکومەتی عێراق بە مەبەستی بنیاتنانی سوپایەکی بەهێز هەنگاوی هاوێشتووەو هاوکات مەرجەکانی خزمەتی سەربازیشی بڵاوکردووەتەوە (ڕ، پێشکەوتن، ژ59).

هەر سەبارەت بەبابەخدانی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەدەنگوباسەکانی تایبەت بە دامەزراوەی سوپا، لەژمارە (91)ی ساڵی دووەمیدا، کە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی (19کانوونی یەکەمی 1922)دەرچووە، لە لاپەڕە چوارەمیدا هەواڵێکی بەناونیشانی (دیاری حکومت بريگانيا عسکری خو وڵاتی عراق) بڵاوکراوەتەوەو تیایدا هاتووە: زانیویمانە پاشای بەریتانیا ژمارەیەك تۆپ و بڕێك چەك و پێداویستی سەربازی بەدیاری بۆ حکومەتی عێراق ڕەوانەکردووەو وەزارەتی بەرگری عێراقیش بەمەبەستی فێربوون و بەکارهێنانی ئەو جۆرەی تۆپە، بەشێکی کردووەتەوە. هاوکات لەهەواڵەکە خۆشحاڵی وەزارەتی بەرگریش بەو دیارییانە پیشاندراوە بەو پێیەی سوودی زۆری لێ دەبینن،

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) –ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەکۆتایی هەواڵەکەشدا، ئاماژە کراوە بەوەی کەسەرۆك وەزیرانی عێراق لەبەرانبەر ڕەوانەکردنی ئەو دیارییانە بەناوی گەلی عێراقەوە،داوای لە مەندوبی سامی بەریتانیا کردووە کە سوپاس و پێزانینی گەلەکەی بگەیەنێـتە پاشای بەریتانیا(ڕ، پێشکەوتن،ژ91). لەژمارە(68)ی ساڵی دووەم، کە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی (11ئابی1921) دەرچووە، لەلاپەڕەی کۆتایی هەواڵێك بەناونیشانی (تورکەکان لە رواندز) بڵاوکراوەتەوەو تیایدا ئاماژە بەو هەواڵانە کراوە کە باس لە هاتنی هێزێکی تورك بۆ ڕواندوز دەکەن و ڕۆژنامەکە هەوڵیداوە لە گرنگی پرسەکە کەمبکاتەوە بەو پێیەی ئاماژەی داوە بەوەی: ئەو هێزەی هاتوون لەشەست کەس زیاتر نابن و بۆشیان دەردەکەوێـت هێزی دیکەیان بۆ نایەت، لەکۆتایی بابەتەکەشدا، ئەوە دووپاتکراوەتەوە کەحکومەتی عێراق بۆ دەرکردنی ئەو هێزە تورکەی هاتووەتە ڕواندوز هەر ڕێوشوێنێکی پێویست بێت دەیگرێتەبەرو هەرگیز ڕێگە نادات ڕووداوێکی وەها بێتە پێشەوە کۆسپ بخاتە بەردەم پێشکەوتن و بوژانەوەی وڵات (ڕ، پێشکەوتن،ژ68).

لەژمارە (74) یش کە لەڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوت(23ئەیلولی1921) بڵاوکراوەتەوە، لەلاپەڕەی دوەمیدا، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، هەواڵی (وەزیرە تازەکان لە بەغدا)ی بڵاوکردووەتەوەو تیایدا هاتووە: بە پێی ئەو زانیارییانەی لەبەغدادوە بەدەست گەیشتوون، حەزرەتی(عەبدولرەحمان) نەقیب بە سەرۆك وەزیرانی عێراق و ڕەمزی بەگ بە وەزیری ناوخۆو سویدی ئەفەندی بە وەزیری دادو ناجی ئەفەندی سویدیش بە وەزیری مەعارف (پەروەردە) دەستنیشان کراون (ڕ، پێشکەوتن، ژ74).
لەژمارە(103)ی ساڵی سێیەمیش، کە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی (13نیسانی1922) دەرچووە، لەلاپەڕە سێیەمیدا، هەواڵی دەست لەکارکێشانەوەی پێنج(23) وەزیری حکومەتی عێراق بڵاوکراوەتەوە، لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی پێشکەوتن نووسیەتی، دەنگۆ هەیە بەهۆی جیاوازی لەسەر بودجە لەناو ئەنجوومەنی وەزیران، هەریەکە لە ناجی بەگ سویدی وەزیری دادو عەبدولەتیف پاشا مەندیل (24) وەزیری بازرگانی و عیزەت پاشا(کەرکوکی) وەزیری گواستنەوە بەنیازن دەست لەپۆستەکانیان بکشێننەوەو حاجی رەمزی وەزیری ناوخۆش دەستی لەکار کێشاوەتەوە، هەواڵەکە ئەوەشی بڵاوکردووەتەوە کەدەنگۆی ئەوەش هەیە دکتۆر(حەنا خەیاتی)وەزیری تەندروستیش

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) –ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستی لەپۆستەکەی کێشابێتەوە. هەر لەهەواڵەکەدا هاتووە: ئەگەری هەیە وەزارەتی تەندروستی بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتی (ڕ، پێشکەوتن، ژ103).

هەر لە ژمارە (103) داو لەلاپەڕەی پێنجەمیدا، ڕۆژنامەی پێشکوتن بەناونیشانی (ابن السعودو عراق) هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە کە تایبەتە بەو هەوڵانەی بەمەبەستی بەستنی کۆنگرەیەك(25) لەشاری مەعمەرە بۆ دانانی سنورێك لەنێوان حکومەتی عێڕاق و نەجد (سعودییە) دەدرێن، بۆ ئەوەی چی دیکە شەڕ لەنێوان هۆزەکانی عێڕاق و نەجد ڕوونەدەن (ڕ، پێشکەوتن، ژ103).بەخوێندنەوەی ئەو هەواڵ و بابەتانەی لەو ژمارانەی ڕۆژنامەی پێشکەوتن کە لەسەرەمان ئاماژەمان بۆیان کرد، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ڕۆژنامەکە، هەڵوێستێکی ئەرێنی و تا ڕادەیەك بێلایەنانەی بەرانبەر بە حکومەتی عێڕاق و دام و دەزگاکانی پەیڕەوکردووەو هەوڵیشداوە تەنها لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی فەرمانگەو کاربەدەستانی حکومەت بدوێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەڵوێستەی دەچێتە خانەی نواندنی دۆستایەتی ڕۆژنامەکە بەرانبەر بە حکومەتی ئەو کاتی عێڕاق.

## دەرئەنجام

لەئەنجامی توێژینەوەمان لەهەڵوێستی ڕۆژنامەگەری لە باشووری کوردستان، بەرانبەر بە دەوڵەتی عێڕاق و دام و دەزگاکانی لە سەردەمی پاشایەتیدا1921-1922گەیشتینە ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:

یەکەم: لەگەڵ ئەوەی کورد، لەچاو نەتەوەکانی دراوسێی، لەدەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار تا ڕادەیەك لەڕووی کاتەوە دواکەوتووە، بەڵام دوای ئەوەی ئەو نەتەوانە دەبنە خاوەنی ڕۆژنامەی خۆیان، بەماوەیەکی کەم، گەلی کوردیش هەست بە گرنگی ڕاگەیاندن بە گشتی و بەتایبەتیش ڕۆژنامە لەگەیاندنی دەنگی چەوسانەوەی خۆی و هۆشیارکردنی تاکەکانی دەگات و هاوشێوەی میللەتانی ناوچەکە دەبێتە خاوەنی ڕۆژنامە.

دووەم: ئەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی لەمیللەتانی دراوسێ و ناوچەکە جیادەکاتەوە، بریتیە لەوەی کە میللەتانی دراوسێی کورد، لەڕێگەی حکومەت و دەستەڵاتە سیاسیەکانییانەوە سەرەتا بوونە خاوەنی ڕۆژنامە، بەڵام کورد بەهۆی ئەوەی خاوەنی کیان و دەستەڵاتێکی سەربەخۆی خۆی نەبووە، ڕووناکبیـرو ڕۆشنبیـرییەکانی ناچار بوونە ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوەو ئەو ئەرکە بخەنە سەرشانی خۆیان

و کارێك بکەن نەتەوەی کوردیش لە ڕووی شارستانیەتەوە لە نەتەوەکانی دیکەی دراوسێی دانەبڕێت و لەکاروانی ڕۆشنبیـری و ڕاگەیاندن بەجێنەمێنێت،

سێیەم: خاڵێکی دیکەی گرنگیش کە هەر پەیوەندی بەو هەوڵە تاکە کەسییەی باسمان کرد هەیە، ئەویش ئەوەیە میللەتانی دراوسێ، بەتایبەتی دەستەڵاتدارەکانییان بۆ بڵاوکردنەوەی کارو چالاکییەکانی حکومەت و هەرێم و ناوچەکان، سەرەتا پەنایان بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەو ڕۆژنامە بردووە، کەچی لای کورد پێچەوانەیە، بەو واتایەی گەلی کورد پەنای بۆ ڕۆژنامە بردووە، وەك چەکێکی سەردەمییانە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بەرگری پێ لە خۆی بکات و ڕەوایەتی کێشە نەتەوەییەکەی بگەیەنێتە میللەتانی جیهاندا.

چوارەم: میللەتانی جیهان بە گشتی و دراوسێکانی کورد بە تایبەتی لە پایتەختە گەورەکانی خۆیان و شارە جوان و دڵگیـرەکانییان، لەسەرەتادا دەستییان بە دەرکردنی ڕۆژنامە کردووەو گومانیشی تێدا نییە ڕۆژنامەیەك بەم شێوەیە دەبکرێت لەزۆر لایەنی هونەرو ڕۆژنامەوانییەوە پێشکەوتوو دەبێت، کەچی نۆبەرەی ڕۆژنامەگەری کوردی، لە ئاوارەیی و دەربەدەری و لەژێر مەترسی داخستن و دەستگیـرکردن لەدایك بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی هەوڵ و تەقەلای ڕۆشنبیـرە دڵسۆزەکانی کورد، سەرەتای ئەم بوارە بێ بەش نەبووە لەو تەکنیك و پێشکەوتنەی میللەتانی دراوسێ لەم لایەنەوە پێی گەیشتبوون.

پێنجەم: لەگەڵ ئەوەی ئینگلیزەکان لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهان 1914-1918 عێڕاق دەگرن و بۆ خزمەتکردنی سیاسەت و بەرژەوەندی خۆیان، ئامێری چاپخانە دەهێننە عێڕاق و شارەکانی باشووری کوردستان، بەڵام ئەو کارەییان خزمەتێکی گەورەیی بە بواری ڕووناکبیـری و ڕۆشنبیـری گەلی کورد گەیاند، چونکە لە چەندین قۆناغی مێژوویی جیاجیادا، ڕووناکبیـرانی کورد سوودییان لە ئامێرە شارستانییەتە وەرگرت و خزمەتی نەتەوەکەیان پێکرد.

شەشەم: بەدەرکردنی ڕۆژنامەی پێشکەوتن، هێزەکانی ئینگلیز لە عێڕاق خزمەتێکی گەورەییان بە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی گەیاند، دەشکرێت گرنگی ئەو خزمەتە بۆ بایەخ و گرنگی ئەو ڕووداوە مێژووییانە بگەڕێنینەوە کە ڕۆژنامەکە بۆی تۆمار کردووین.

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) –ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حەوتەم: ڕۆژنامەی پێشکەوتن سیاسەت و هەڵوێستی بەرانبەر بە ڕژێمی پاشایەتی و و حکومەت و دام و دەزگاکانی دەوڵەتی عێراق و کاربەدەستانی دۆستانەو ئەرێنی بووەو هەوڵیداوە سەرنجی گەلی کورد بەلای کارو پڕۆژەکانی ئەو دەوڵەتەو بەریتانیاو هێزەکانی لە عێراقدا ڕابکێشێت، ئەمەش بۆ ڕۆژنامەکە بە کارێکی ئاسایی دادەندرێت، چونکە هێزەکانی ئینگلیز ڕۆژنامەکەیان دەرکردووەو سیاسەت و ئامانجەکەشیان بەو شێوەیە ئاراستە کردووە کە خۆیان مەبەستییان بووە.

هەشتەم: ڕۆژنامەی پێشکەوتن گرنگی و بایەخی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و کارو چالاکی و پڕۆژەکانی حکومەتی عێراق و کاربەدەستانی داوەو بەرزی نرخاندون.

## پەراوێزەکان:

1- کەواتە کەرکوك یەکەمین شاری کوردستانە چاپخانەی بۆ هێنرابێت، لەدوای (بەغدادو موسڵ و بەسرە) ش ،بەچوارەم شار لە عێراقدا دەژمێردرێت کە ڕۆژنامەی تێدا چاپکرابێت (عەبدوڵلا زەنگەنە، 2003، 99  100).

2- توێژەرێکی دیکەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە حوسێن حوزنی موکریانی ساڵی (1915) ئەو چاپخانەیەی لە ئەڵمانیا بە 120 لیـرەی تورکی کڕیوەو هەمان ساڵ گواستیەوە بۆ شاری حەلەب لە سوریا بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (فەرهاد پیربالْ، چەند باسێك لەبارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە،،ل12؛ فەرهاد پیربال،کرۆنۆلۆژیای هەولێر لە کۆنەوە تا1958،63).

3- مێجەر سۆن حاکمی سیاسی سلێمانی سەرنووسەر و سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بوو، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەیەکی فەرمی بوو، بەڵام لەگشت بابەتەکانیدا تێکەڵ بەخەم و کاروباری گشتی دەبوو (فاروق عەلی عومەر،2001،83؛ ئەحمەد حەمە،2020،9).

4-مێجەر سۆن یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی پێشکەوتنی لە ساڵی(1920)بەو چاپخانەیە،دەرکرد (جەمال بابان و ئەوانی تر، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، 2012، 146).

5- جەمال بابان، کوڕی ڕەشید بەگی عەبدوڵا بەگی خالید پاشای ئەحمەد پاشایە، ساڵی (1893) لەدایك بووە،خوێندنی لەبەغداد تەواوکردوەو ساڵی (1914) لە کۆلیژی ماف دەرچووەو بەشداری شەڕەکانی سوپای عوسمانی لە شامدا کردوە، دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی بووەتە دادوەر لە شاری سلێمانی. لەخولی دووەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە نوێنەری هەولێر هەڵبژێردراوەو ساڵی

(1930) بۆ یەكەمین جار وەك وەزیری داد لە كابینەی نوری سەعید دەست نیشانكراوە، شەش جار پۆستی وەزاری وەرگرتوەو لە حەوت خولی پەرلەمانی عێراق وەك نوێنەری شارەكانی موسڵ و هەولێرو سلێمانی..... هەڵبژێدراوە. دوای شۆڕشی 14 تەموزی 1958 عێراقی بەجێهێشت و دواین ساڵەكانی تەمەنی لە لوبنان بەسەر بردو ساڵی (1966) هەر لە لوبنان كۆچی دوایی كردو لە وێش بەخاك سپێردرا(جەمال بابان،519،2018).

6- عەلائەدین سەججادی یەكەم كەسە باسی ئەم ڕۆژنامەیەی كردووە، بەڵام باسەكەی هەر ئەوەندەیە كە دەڵێت:(تێگەیشتنی راستی)ڕۆژنامەیەكی هەفتانەی كوردی پیلانی سیاسی و كۆمەلایەتی بوو،ئیحتیلالی ئینگلیزی لە ساڵی 1918 لە بەغدا دەری كردووە.ژمارە(20) بەر (11مارتی1918) كەوتووە، ئیتر نازانم چەند ژمارەی لێ دەرچووە(سەججادی، 587،1391؛ كەمال مەزهەر ئەحمەد،11،1978).

7-ڕوپیە دراوێكی هیندی بوو، تاساڵی1932 لەعێراق كاری پێدەكرا یەك ڕوپیەش بەرانبەر بوو بە 75 فلسی عێراقی( الدره،133،1966). بۆ زانیاری زیاتریش لەسەر هۆیەكانی هێنانی دراوی ڕوپیەی هیندی لەلایەن بەریتانیا بۆ عێراق بڕوانە پەرتووكی (النقود فی العراق، لە نووسینی الدكتور: ناهض عبدالرزاق القیسي، ل477).

دوای دانانی (فەیسەڵی كوڕی حوسێن)یش بە پاشای عێراق لە(23ئابی1921) بەرپرسان هەستییان كرد بەوەی كە بەكارهێنانی ڕوپیەی هیندی یەكێكە لە دیاردەكانی پاشكۆیەتی بێگانە، بۆیە ساڵی 1931 سیستەمی دراوی نیشتیمانی عێراقی بە ژمارە(44) دەرچوو، دواتریش لە ساڵی 1933 دراوی دیناری عێراقی دەرچوو، بووە دراوی فەرمی،هاوكات لەهەمان ساڵدا یاسایەكی تایبەت بە قەدەغەكردنی مامەڵەكردن بە دراوی ڕوپیەی هیندی دەرچوو(القیسي، 2002، 478).

8- دوای بەدیل گیرانی، شێخ مەحمود ڕەوانەی بەغدا كراو درا بە دادگای عورفی(سەربازی) و لە (25 تەموزی1919) حوكمی خنكاندنی دراو دواتر حوكمەكەیان گۆڕی بۆ زیندانی هەمیشەیی و ڕەوانەی دورگەی ئەندامان لە هیندستان كرا(وێلسن، 2012، 193 ؛ سەججادی،78،2017؛ زنار سلۆپی،75،2007؛ منتشاشغیلی،312،1978).

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) –ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

9- ئینگلیزەکان کاتێك هاتنە عێراق ژمارەیەك چاپخانەی کۆنییان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، یەکێك لەو چاپخانانەیان لەکەرکوك داناو لەسەر پێشنیازی (مێجەر سۆن)یش یەکێکی دیکەیان هێنایە سلێمانی (نەوشیروان مستەفا ئەمین،18،2002).

10-دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت: ڕاستە ئینگلیزەکان ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)یيان دەرکردووە، بەڵام دەستەیەك ڕووناکبیری لێهاتووی کوردی وەك(شێخ نوری شێخ ساڵح)ڕۆژنامەکەیان بەڕێوەدەبرد(دەلۆ، 1999، 13).

هەرچی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەدە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: مستەفا پاشای یاملکی بە هاندانی ڕاستەوخۆی مێجەر سۆن ڕۆژنامەکەی دەرکردووە، کە سۆن سەرەڕای بڵاوکردنەوەی بابەت تیایدا، ڕۆژنامەکەشی ئاڕاستەدەکرد(کمال مظهر احمد،37،2011).

11- ئەمە یەکێکە لەبۆچوونەکان، بۆچوونی واش هەیە پێی وایە کە ڕۆژنامەکە بە تەنها ناوی پێشکەوتن بووەو ناوی سلێمانی لە پاڵیدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لەشاری سلێمانی دەردەچێت(ئەحمەد حەمە،22،2020).

12-یەکەم هەواڵی تایبەت بە عێراق، لەلاپەڕەی چواری ژمارە(15)ڕۆژنامەکە، کە لەڕێککەوتی (5ئابی1920)دەرچووە، بەناونیشانی عێراق، بڵاوکراوەتەوەو هەواڵەکەش تایبەتە بە شەڕی نێوان سوپاو عەرەبە یاخیبووەکانی حلە(ڕ، پێشکەوتن، ژ15 ؛ ئەحمەد حەمە، سەرچاوەی پێشوو،82).

13- ئەو سەرچاوانەی ڕۆژنامەکە بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ و دەنگوباس پشتی پێبەستوون، دابەش دەبن بۆ سەر سەرچاوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، دەرەکییەکانیش بۆ سەر ئاژانسە جیهانی و ڕۆژنامە عێراقی و جیهانییەکان دابەش دەبن(ئەحمەد حەمە،هەمان سەرچاوە،67-68).

14- ئەوەی لەبەردەستدایە، تاکو ئێستا هەر 118 ژمارەیە کە(عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتارو سیروان بەکر سامی کۆیان کردووەتەوەو لە دوو تۆی پەرتووکێك چاپییان کردووە. بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە نووسینێکی دکتۆر کەمال مەزهەرە کە لەلاپەڕە (218)ی پەرتووکی (تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا) دەڵێت: " دوا ژمارەی کە من دیومە(ژمارە 144)ە کەڕۆژی 29 جۆن(حوزەیران)ی (1922)ی بەسەرەوەیە" جیاوازییەکە (26) ژمارەیە. لەمبارەیەشەوە(سیـروان بەکر سامی) دەڵێت: ئەو ژمارەیەی دکتۆر کەمال مەزهەر ئاماژەی بۆکردوە

لە(29 حوزەیرانی1922)دەرچووە، هەر ژمارە(114)کەیە، نەك (144)(حەمە ئەمین عەتار- سیـروان بەکر سامی،10،1998).

15- وەك لەبەشی یەکەم باسمان کرد، ڕۆژنامەی پێشکەوتن یەکەمین ژمارەی لە(29نیسانی1920)دەرچووە، سنووری توێژینەوەکەی ئێمەش، لەنێوان ساڵی(1921-1922) ، بۆیە لەسۆنگەی پابەندبوونمان بەباسەکە لەژمارە(37)ی ڕۆژنامەکە، کە لەڕێککەوتی(6کانوونی دووەمی1921)دەرچوو، دەچینە ناو بابەتەکە(توێژەر).

16- لەمانگی نیسانی(1920)فەرەنسییەکان کۆتاییان بەحکومەتە عەرەبییەکەی سوریا هێناو ئەمیـر فەیسەڵیان لەسەر عەرشی ئەو وڵاتە لابردو و دوای شەڕی مەیسەلونی(25تەمووزی)ئەو ساڵەش، کە یوسف عەزمەی وەزیری بەرگری تێیدا کوژرا، پاشای لەسەر کارلابراو لەسوریا دەرکرا(محمود شبیب، 80،1983 و 96-97 ؛ د. عبدالمجید کامل التكريتي،27،1991).

17- نیشتیمان پەروەرانی بەشداربووی شۆڕشی بیست، بە ئاشکرا داوایان دەکرد فەیسەڵ ببێتە پاشای عێراق، چالاکی پشتگیـری بنەماڵەی هاشمیش لەناوخۆی عێراق لەئاستێکی بەرزدابوو(نظمی،420،1985).

18- لەکاتێکدا کە (لەسەرەتای ساڵی1920) ڕەوشێکی ئاڵۆز، ناوخۆی عێراقی گرتبووەوە، حکومەتی بەریتانیا بڕیاریدا، وینستۆن چەرچڵی وەزیری جەنگی ئەو وڵاتە، بگوازرێتەوە بۆ پۆستی وەزارەتی داگیـرگەکان. یەکەمین کاریش کە ناوبراو بیـری لێکردەوە دامەزراندنی فەرمانگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە داڕشتنی سیاسەتەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەو کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بۆ نزمتـرین ئاستی، لە پێشەکی ئەو هەوڵەش، بڕیار لەسەر بەستنی کۆنگرەی قاهیـرە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی بەریتانیا لە وڵاتانی ناوچەکە، لەوانەش عێراق درا، مەبەستیش لێی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بەریتانیاو دیاریکردنی داهاتووی جۆری فەرمانڕەوایی عێراق بوو(الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، ج1، 1982، 32).

19-بۆ ئەم مەبەستەش، بەشداربووانی کۆنگرەکە، کەپێکهاتبوون لە سێر پرسی کەوکەسی نوێنەری باڵای بەریتانیاو مس بێل سکرتێری کاروباری ڕۆژهەڵات و جەعفەر عەسکەری و ساسۆن حسقێل، وەزیرانی بەرگری و دارایی عێراق، ڕێککەوتن لەسەر دەست نیشانکردنی ئەمیـر فەیسەڵ بۆ وەرگرتنی

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) –ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەختی پاشایەتی عێراق(طالب مشتاق،1989،97). هاوکات بڕیاریش درا داوای لێ بکرێت سەردانی عێراق بکات و خۆی بۆ عەرشی ئەو وڵاتە بپاڵێوێت(ناجی شوکت،62).

20- طالب مشتاق کە یەکێك بووە لەبەشداربووانی ئاهەنگی لەسەر عەرش دانیشتنی مەلیك فەیسەڵ لەو ڕۆژەدا ئاماژە دەکات بەوەی کاتژمێر شەشی ئێوارەی ئەو ڕۆژە، لەگەڵ گەیشتنی ئەمیـر فەیسەڵ بۆ گۆڕەپانی سەرا، کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکرابوو، لەسەر کورسی دانیشت و سێر برسی کۆکەس لای ڕاستی و ژەنەڕاڵ هۆڵدنی سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیاش لەعێراق لای چەپی دانیشتن....بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(أوراق ايامی.....لەنووسینی طالب مشتاق، ص98-99).

21- لەژمارە(59)ی ڕۆژنامەی پێشکەوتن کە ڕۆژی پێنجشەممە،ڕێککەوتی(9حوزەیرانی1921)دەرچووە، هەواڵی جێهشتنی عێراقی تالب پاشا و گەیشتنی بە دوورگەی سیلان و بەڕێکەوتنیشی لەوێوە بەرەو شاری کندی بەمەبەستی نیشتەجێبوون تیایدا بڵاوکراوەتەوە(ڕ، پێشکەوتن، ژ59).

هاوکات لەژمارە (100) ساڵی دووەمی ڕۆژنامەکەش، کە ڕۆژی پێنجشەممە،ڕێککەوتی (23ئازاری1922) دەرچووە، لە لاپەڕە سێیەمیدا، هەواڵێك بڵاوکراوەتەوەو ئاماژە دراوە بەوەی کە تالب پاشا لە ڕێککەوتی(23مانگی شوباتی ڕابردوو)لە دوورگەی سیلانەوە بە پاپۆڕ سەردانی لەندەنی کردووەو ڕایگەیاندووە ئەو هەمیشە هاوکاری حکومەتی بەریتانیای کردووە(ڕ،پێشکەوتن، ژ100).

22- سەبارەت بەو هەڵوێستەی تالب پاشا، امین الريحانی لە پەرتووکی( فيصل الاول)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کێشە لەنێوان تالب پاشای وەزیری ناوخۆ و مستەر فلیپی ڕاوێژکاریدا هەبوو، فلیبی داوای دامەزراندنی (دەوڵەتێکی) کۆماری دەکردو تالب پاشاش داوای (دەوڵەتێکی) پاشایەتی دەکرد بەمەرجێك پاشاکەی لە بنەماڵەی هاشمی نەبێت( الريحانی،1934،41).

23- هەر پێنج وەزیرەکە بە بڕیاری پاشایەتی ژمارە(81) لە ڕێککەوتی( 1نیسانی1922) ڕەزامەندی لەسەر بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەیان لە پۆستەکانییان درا(الحسني تأريخ الوزارات العراقية، ج1، 1982، 85).

24- ئەو وەزیرە وەك نارەزایی دەربڕین بەرانبەر بە دورخستنەوەی تالێب نەقیبی وەزیری ناوخۆ بۆ هیندستانلە ڕێککەوتی(29نیسانی1921) واتە (شازدە ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵی دەست لە

کارکێشانەوە لەلایەن ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ەوە، دەست لەکارکێشانەوەی لە پۆستی وەزارەتی بازرگانی پێشکەشی سەرۆك وەزیرانی عێراق کرد (الحسني تأريخ الوزارات العراقية، ج1، 1982، 40).
25-کۆنگرەکە لەنێوان نوێنەرانی مەملەکەتی نەجد و عێراق و بەریتانیا بەستـراو لە ڕێککەوتی (5ئایاری1922) ئیمزا لەسەر بەندەکانی ناوەرۆکی کۆنگرەکە کرا، کە دواتر بە کۆنگرەی مەعمەرە ناسرا، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆنگرەکەو بەندەکانی بڕوانە(الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، ج1 ، 1982، 86-87).

## لیستی سەرچاوەکان:

به زمانی کوردی:

1) بابان، جەمال،بابان ئاسۆ، خالید، ئومێد،(2012), سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی سێیەم،چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
2) بابان، جەمال،(2012)، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی چوارەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
3) بابان، جەمال، بابان، (2018) لەمێژووداو گەورە پیاوانی بابان،چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیـری و هونەری ئەندێشە، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
4) بابان، شوکروڵای،(2004) , مێژووی کوردو کوردستان، لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیـری، چاپخانەی شڤان.
5) توفیق، هوگر طاهر, 2006, رۆلێ رۆژنامەگەریا کوردی د پێشڤەبرنا هزرا نەتەوەیی یا کوردی دا 1898-1918، وەرگێڕانی: محسن عبدالرحمن، چاپی یەکەم، دەزگای سپیـریز بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
6) پاشا، قەدری جەمیل(زنار سلۆپی)،(2007) , دۆزی کورد، بیـرەوەرییەکانی شەست ساڵەی خەباتی رزگاریخوازی کورد لەدیلیەتی، وەرگێڕانی: فەیزوڵا برایم خان  بارزان وەهاب، چاپی سێیەمین، لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیـری  هەرێمی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بیـر، دیاربەکر.
7) پیـربال، فەرهاد،(2007)، چەند باسێك لەبارەی مێژووی رۆژنامەنووسی کوردییەوە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

8) پیـرباڵ، فەرهاد،(2007)، گەنجە کوردەکان، یەکەمین پرۆژەی مەعریفیی کورد لە مێژوودا، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیـرو هۆشیاری(ی.ن.ك)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
9) پیـرباڵ، فەرهاد،(2008), کرۆنۆلۆژیای هەولێر لە کۆنەوە تا 1958، چاپخانەی شەهاب.
10) عەتار, عەلی کاکە حەمە ئەمین & **سامی سیروان بەکر**, (1998), پێشکەوتن یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی 1920  1922، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
11) جاف، وریا،(1998), کاروانی رۆژنامەگەریی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیـری، هەولێر.
12) جەباری، عبدالجبار محمد،(1970), مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی.
13) حەمە، د. دلێر ئەحمەد،(2020), پێشکەوتن پێشەنگی ڕۆژنامەگەری و ئەدەبی کوردی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ماد.
14) خەزنەدار، جەمال،(1973)ڕابەری ڕۆژنامەگەری ی کوردی.
15) خەزنەدار، جەمال،(2016)، لەبابەت مێژووی رۆژنامەگەری کوردییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
16) خەزنەدار، جەمال،(2018), ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردی، پڕۆژەی نوسینەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی 1898-2015، بەرگی دووەم، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
17) خواجە، ئەحمەد،(2013), چیم دی، شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەزن، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
18) دەلۆ، ئازاد هیدایەت،(1999), دیداری رۆشنبیـری و رۆژی رۆژنامەگەری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چرا، هەولێر.
19) دۆسکی، عەبدولسەمەد ئیسلام تەها،(2010), ڕۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لەگەشەپێدان و پێشخستنی هونەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا 1932 بۆ 1946، وەزارەتی رۆشنبیـری و لاوان چاپخانەی بابان، سلێمانی.
20) ڕەسوڵ، فاتح،(2005), بنچینەی مێژووی بیـرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی.
21) زامدار، مەحمود،(1998), گەشتێك لەنێو جیهانی بزاڤی رۆژنامەگەری  کوردی دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

22) ساڵح، سدیق،(2006), حکوومەتی کوردستان(1918-1924)، چاپی دووەم، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
23) سەپان، د.مەغدید،(2005), ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە1450-1500،چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
24) سەججادی، عەلائەددین،(2017)شۆڕشەکانی کوردو کوردو کۆماری عێراق، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان (انشتارات کردستان)، سنە.
25) سەججادی، عەلائەددین،(1391), مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.
26) سمکۆ، عەبدوڵا ئەنوەر،(2012), رۆژنامەوانیی کوردی شاری هەولێر 1935-1975، چاپی یەکەم، یەکێتی نوسەرانی کورد- مەڵبەندی گشتی 9 ، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
27) سندی، شەوکەت طاهر،(1998), رۆژناما کوردستان و شورەشا رەوشنبیری، چاپخانەی کریستال، هەولێر.
28) عەلی، د.سەباح موسا،(2014), زمانی رۆژنامەنووسیی کوردی لەعێراقدا،1914-1945، توێژینەوەیەکی زمانەوانی و رۆژنامەوانی، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکوك، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك.
29) عومەر، فاروق عەلی،(2001), ڕۆژنامەگەریی کوردی لەعێراقدا، بەراییەکان 1914-1939، وەرگێرانی: تاریق کارێزی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
30) فەرهادی، حەمە ساڵح،(1998), چەند بابەتێکی رۆژنامەنووسیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
31) فوئاد، د. کەمال, (2000), کوردستان ، یەکەمین رۆژنامەی کوردی 1898 -1902, چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبیی و رووناکبیـریی گەلاوێژ،چاپخانەی دانازـسلێمانی.
32) مەزهەر، د. کەمال،(1985), چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، بەغدا.
33) مەلا، برایمی،(1998), رۆژنامەگەری لەسەرەتای سەرهەڵدانەکانەوە تا چەرخی نوێکاری، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
34) وێلسن، سێر ئارنۆڵد،(2012)، شۆڕشەکەی عێراق، لەماوەی داگیـرکاری بەریتانیا بۆ عێراق و کوردستان، وەرگێرانی: سەمەد ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
35) ئەحمەد، د.کەمال مەزهەر،(1978), تێگەیشتنی راستی و شوێنی لەرۆژنامەنوسی کوردیدا، لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

36) ئەمین، نەوشیروان مستەفا،(2002)، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی رۆژنامەوانی ی کوردی، ساڵانی نێوان دوو جەنگی جیهانی 1918-1938، بەرگی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی،چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

**بە زمانی عەرەبی:**

1) ابراهيم، زاهدة،(1976), كشاف الجرائد والمجلات العراقية،من منشورات وزاره الاعلام-الجمهورية العراقية، دار الحرية للطباعة،بغداد.
2) ابوبكر، الدكتور احمد عثمان،(1998), كردستان فى عهد السلام(بعد الحرب العالميه الاولى)، دراسة تاريخية وثائقية، السليمانية.
3) احمد، الدكتور كمال مظهر،(2011), كردستان فى سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة: محمد الملا عبدالكريم، الطبعه الثانية، دار الثقافة والنشر الكردية، مطبعه الوقف الحديثة، بغداد.
4) -الزيادى، د.محمد صالح حنيور،(2012), الحكومة العراقية المؤقته(25تشرين الاول1920- 9 أيلول1921)، دراسه تاريخية فى واقعها الادارى،الطبعة الاولى ،تموز للطباعة والنشر والتوزيع،دمشق.
5) بطى، د. فائق،(2011), الموسوعة الصحفية الكردية فى العراق تاريخها و تطورها، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة والنشر.
6) بلال، مازن،(1993), المسأله الكردية، الوهم والحقيقة، طبعة أولى، بيسان للنشر والتوزيع والاعلام، بيروت.
7) التكريتي، د. عبدالمجيد كامل،(1991), الملك فيصل الاول و دوره فى تأسيس الدولة العراقية الحديثة 1921-1933، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة((افاق عربية)) مطبعه دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
8) حبيب، الدكتور كاظم،(2013), لمحات من عراق القرن العشرين، كتاب الثالث، العراق الملكي: الجزء الاول،بداية الاحتلال البريطانى للعراق ونهاية الانتداب 1914-1932،الطبعة الاولى، دار اراس للطباعة والنشر، مطبعة اراس، اربيل.
9) حسان، عبدالكريم،(2008), الملكية فى العراق من الثوره العشرين حتى انقلاب1958، سيرة الشيخ رايح العطيه رئيس عشيرة الحميدات الثائرو السياسي الوطنى، الطبعة الاولى، الفرات للنشر والتوزيع ، بيروت.
10) الحسني، السيد عبدالرزاق،(2008), تاريخ العراق السياسى الحديث، الجزء الاول ،الطبعة السابعه ، الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.
11) الحسني، السيد عبدالرزاق،(1982), تأريخ الوزارات العراقية ، ج1، الطبعة السادس،منشورات مكتبة اليقظة العربية، بيروت.

12) حصاف، د.اسماعيل محمد،(2009)، كوردستان والمسأله الكورديه، الطبعة الاولى،مؤسسه موكريانى للبحوث والنشر، مطبعه خانى، دهوك.
13) الدرة، محمود،(1966)، القضيه الكردية، الطبعة الثانيه، منشورات دار الطليعه، بيروت.
14) الريحانى، امين،(1934)، فيصل الاول، مطبعه صادر، بيروت.
15) زكى، محمد أمين،(1961)، خلاصه تأريخ الكرد و كردستان من أقدم العصور التاريخية حتى الان، الجزء الاول، ترجمة: محمد على عونى، الطبعة الثانية.
16) شبيب، محمود،(1983)، حكايات تأريخية عراقية ، تجسس . حرب . سياسه، منشورات دار الثقافة، ببغداد.
17) شوكت، ناجى،(بدون سنة طبع)، رئيس الوزراء الاسبق سيـرة و ذكريات ثمانيا عاما 1894-1974،الجزء الاول، مشنورات مكتبة اليقضة العربية، مطبعة الخلود، بغداد.
18) القيسي، الدكتور، ناهض عبدالرزاق،(2002)، النقود فى العراق، الطبعة الاولى، بيت الحكمة، مطبعه الزمان، بغداد.
19) محمد، علاء جاسم،(1990)، الملك فيصل الاول حياته و دوره السياسى فى الثوره العربية و سورية والعراق1883-1933، الطبعة الاولى، مكتبة اليقظة العربية، مطبعة الخلود، بغداد.
20) على، فائق الشيخ،(2014)، مذكرات وريثة العروش، الاميرة بديعة ابنة الملك على حفيدة ملك العرب الشريف حسين بن على، الطبعة السادسة،مركز البحوث والدراسات الاستراتيجية العراقى - لندن،دار الحكمة، لندن.
21) مشتاق،طالب ،(1989)، أوراق أيامى بغداد والعراق والوطن العربى 1900-1958، الطبعة الثانية، الدار واسط للدراسات والنشر والتوزيع، الدار العربيه للطباعة ،بغداد.
22) منتشاشغيلى، البرت م.(1978)، العراق فى سنوات الانتداب البريطانى، ترجمة،ا لدكتور هاشم صالح التكريتي، مطبعة جامعة بغداد.
23) الموصلى، منذر،(1986)، عرب و أكراد، رؤيه عربية..للقضية الكردية، الطبعة الاولى، دار الغصون، بيروت.
24) مينورسكى، البرفيسور، ف،ف،(1968)، الاكراد ملاحظات و انطباعات، ترجمة: الدكتور معروف خزنەدار، مطبعة النجوم، بغداد.
25) نظمى، د. وميض جمال عمر،(1985)، ثوره 1920 الجذور السياسية والفكرية والاجتماعية للحركة القومية العربية "الاستقلاليه" في العراق، الطبعة الثانية، مركز دراسات الوحدة العربية، مطبعة اشبيلية، بغداد.

**وتارو لێکۆڵینەوەکان:**

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) –ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرهاد، عەونی،(2000)، کورتە باسێك دەربارەی مێژووی رۆژنامەگەری لە کوردستانی عێڕاقدا، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژ(1).

زەنگەنە، عەبدوڵلا, (2003)، شەفەق و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کەرکووکدا، گۆڤاری نەوشەفەق، ژ(2).

فەرەج ،لەتیف فاتیح، (2005)، رۆژنامەگەری کوردی لە کەرکووك، گۆڤاری نەوشەفەق، ژ(27).

رەئووف، لوقمان, (2012)، ڕۆژنامەی کوردستان لەنێوان ڕۆژنامەیەکی هەواڵیی و وتارییدا، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژ( 27-28).

حەیدەری،مومتاز،(1980)، 22ی نیسان نیشانەیەکی نەمرە لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، نووسەری نوێ، ژ(5).

**ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەی پێشکەوتن کە هەواڵ و بابەتەکانیان بوونەتە کەرستەی ئەو توێژینەوەیە:**

ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (46) ، لە(10 ئازاری 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (47) ، لە(17 ئازاری 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (53) ، لە(28نیسانی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (54) ، لە(5مایسی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (57) ، لە(26مایسی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (59) ، لە(9حوزەیرانی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، (پێشکەوتن) ، ژمارە (61) ، لە(23حوزەیرانی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، (پێشکەوتن) ، ژمارە (62) ، لە(30حوزەیرانی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، (پێشکەوتن) ، ژمارە (63) ، لە(7تەمووزی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (65) ، لە(21تەمووزی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (67) ، لە(4ئابی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (68) ، لە(11ئابی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (69) ، لە(18ئابی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (71) ، لە(1ئەیلولی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، (پێشکەوتن) ، ژمارە (74) ، لە(23ئەیلولی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی،(پێشکەوتن)،ژمارە،(78)،لە(20تشرینی یەکەمی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، (پێشکەوتن)، ژمارە (85) ، لە(8کانوونی یەکەمی 1921) دەرچووە.

ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (86) ، لە(15کانوونی یەکەمی 1921) دەرچووە.
ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (91) ، لە(19کانوونی دووەمی 1922) دەرچووە.
ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (100) ، لە(23ئازاری 1922) دەرچووە.
ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (101) ، لە(30ئازاری 1922) دەرچووە.
ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (102) ، لە(6نیسانی 1922) دەرچووە.
ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (103) ، لە(13نیسانی 1922) دەرچووە.
ڕۆژنامەی، ( پێشکەوتن) ، ژمارە (111) ، لە(8حوزەیرانی 1922) دەرچووە.
ڕۆژنامەی، (پێشکەوتن) ، ژمارە (112) ، لە(15چحوزەیرانی 1922) دەرچووە.

## The Reaction of Peshkawtn Newspaper against the Iraqi Government and Its Associations during Its Kingdom (1921-1958).

**Hewa khalel Othman**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
hewakhalel@yahoo.com

**Muhammad Abdulla kakassur**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
makakasur@yahoo.com

***Keywords:*** The Government-Era of Kingdom -Positive attitude-Peshkawtn-Newspaper

### Abstract

Journalism plays a huge role in serving history. After the First World War (1914-1918), Iraq was under British occupation, The UK created a country by this name as the British colony intended to include Kurdistan, but it encountered many challenges and obstacles. Therefore, they were committed to serving their own interests while trying to sympathize with the Kurds. The UK has implemented some reforms, bringing the printing association to Kurdistan where Newspapers were published and printed in

Kurdish. One of the newspapers playing a major role in the History of Journalism was (Peshkawtn Newspaper). It was continuously published from 1920 to 1922. Even though the newspaper used to be published under the British leadership in Sulaimany city, it has made many contributions to Kurdish Journalism. Thus, we might say that the Newspaper (Peshkawtn) was not published under the Kurdish leadership, and its main goal was not to serve the Kurds, but it had played its part in advancing and enriching our Kurdish Journalism in many ways.

**ملخص:**

مارست الصحافة دورا كبيرا فى خدمة العلم التاريخ. بعد الحرب العالمية الأولى (1914-1918) ، كان العراق تحت السيطرة البريطانى ، أنشأت فيها دولة بهذا الاسم(العراق) حيث كانت المستعمرة البريطانية يسعى إلى تضمين كردستان اليه،و لكن واجهت العديد من التحديات والصعوبات. لذلك كانوا ملتزمين بخدمة مصالحهم الخاصة بينما كانوا يحاولون التعاطف مع الاكراد.لهذا الغرض نفذت السلطات البريطانية بعض الاصلاحات، مثل: نقلت الطباعة إلى كردستان حيث تم نشر الصحف وطبعها باللغة الكردية. من الصحف التى لعبت دورا كبيرا فى تاريخ الصحافة الكردية هى (جريدة بيشكوتن). فقد استمر من عام 1920 إلى 1922. على الرغم من أن الصحيفة كانت تُنشر بالشراف السلطلة البريطانية فى مدينة السليمانية ، ولكن قدمت العديد من الاسهامات للصحافة الكردية. وهكذا يمكن القول أن جريدة (بيشكوتن) رغم لم تصدر تحت القيادة الكردية ، وكان هدفها الاساسي ليس خدمة الكرد ، ولكن لعبت دورها كبيرا فى النهوض الصحافة الكردية.